

# 2000/7/14

رۆژی وەبیرهاتنەوەی تاوانەکانی یەکیەتی نیشتمانیە بەدژی ئازادی ویەکسانی و سەربەخۆیی کوردستان!

کوشتاری کۆمۆنیستەکان بەئامانجی کوشتنی هیواکان..ل5

# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی نۆهەم ژمارە (195) بەرواری 15–7–2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



## وتەی ژمارە

## پارتی و هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەتی ناوەندی!!


عەبدوڵا مەحمود


ململانێی بەغداو هەولێر، بە وێنەی ململانێی دوو باڵی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد و عەرەب، لەسەر داهات و دەسەلآت، بەردەوامە و ئاسۆییەک بۆ کۆتایی هاتن و ڕێکەوتنی دوو مەودا لە نێوانیان نییە. ئەم ململانێیە هەر جارەی لەسەر دۆسیەو کیشەیەکی دیاریکراو دەبێتە دۆسیەی کۆمەڵگە.

ململانێی ئەمجارە بەهۆی پرسی موچە و نەوت و تەوتینەوە، سەری هەڵداوەتەوە، بەڵام خودی پرسی موچە و نەوت و تەوتین، کێشەی بناغەیی نیوان بەغداو هەولێر نییە، بەڵکو گۆشەیەک لە ململانێیەکی فراوانترە.



پرسی سازدانەوەی عێراق، قوتبی کردنەوەی دەسەلآتی فیدرالی ناوەندی بەسەر دەسەلآت لۆکاڵی و هەرێمی کوردستاندا، ڕەوت و ئاراستەیەکە کە بەدوای تێکشانی سەربازی داعش و ١٧ ئۆکتۆبەرەوە دەستی پێکرد، ئەو ڕەوەندە لە پەیوەند بەهەرێمی کوردستانەوە بە دەستکۆتاکردنی دەسەلآتی هەرێم لە دۆسیەی نەوت و ئابوری لە ڕێگای دادگای فیدرالییەوە هاتە ئارا، بەڵام روداوەکانی ناوچەکەو بەتایبەتی هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل لە ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و جەنگی وەحشیانەی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین و بەردەوامی جینۆسایدی خەڵکی غەرزە و لێکەوتەکانی... ئەم پرۆسەیەی توشی راوەستان کرد. لاوازبوونی حەماس و حزب الله، روخانی دەسەلآتی بەشار ئەسەد، هاوکێشەو ئارایشی ڕۆژهەلآتی ناوەراست و ناوچەکە و هاوسەنگی هێزە ناوچەیی و خۆجێییەکانی گۆڕی. ئەم دۆخە هەم پرۆسەی سیاسی ڕوو لەگۆرانی عێراقی راگرت و هەم هاوسەنگی هێزەکانی لە ئاستی عێراقدا توشی شلۆقی و ناجیگیری کرد.

بەدیاریکراوی لاواز بوونی پێگەی ئیران لەناوچەکە، دەستی دەسەلآتی پاشکۆی ئیرانی لە عێراقدا بەست، کە پرۆسەی قوتبی کردنەوەی دەسەلآت لە ناوەندا، بەشیوەی ئاسایی بباتە پێشەوە. دەستی هیزە میلیشیاییەکانی بەست و خستنیە ژێر گوشارێکی زۆرەوە، جیا لەوانە هەرەشەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەسەر هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و گوشارەکانی بۆسەر حکومەتی سودانی، ئەم رەوەندەی راگرت. لە هەموو ئەو ماوەیەدا پرسی نەوت و موچە، وەکو کیشەیەکی ناو دەسەلآتی بۆرژوازی عێراق و کوردستانی، بە هەڵواسراوی مانەوە. لەگەڵ ئەوەدا چەندین ڕیکەوتننامە مۆر کران، بەڵام


بۆ لاپەڕە 2


## هاوڕێ حەسەن مارف، سیمای خۆشەویست و تێکۆشەری نەسرەوتووی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا!!

### هاوڕێم حەسەن گیان کاتی پشووە!



١٢ی ئەم مانگە هاوڕێم حەسەن مارف دوای ماوەیەک ململانێی و جەنگین لەگەڵ نەخۆشییەکی نەگریس و دەگمەن، بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک نا... هاوڕێ حەسەن کۆمۆنیستێکی لێبراو، خۆشبین و ئومێدەوار، تیژ و سازش هەڵنەگر و پڕ جوڵەو وزە بوو... دەیویست لە هەموو چالاکییەکی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازانەو یەکسانیخوازانە بەشدار بێت و جێ پەنجەی خۆی جێ بهێڵێت... ماندوو نەناسانە لە هەموو ئەو جوڵانەوەو چالاکیەکانەدا کە ئەو لێی نزیک بوو، بەشدار و رۆڵی چالاکانە و رابەری دەگێڕا. بە خەباتی نهێنی و فکری چەپ و لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی بەعس دەست پێدەکات، لە راپەرین و رامالینی بەعسدا، چالاکانە بەشداری دەکات، لە بزوتنەوەی شوراییدا رۆڵ لە ئەلگۆیەکی نوێی بزوتنەوەی جەماوەریدا دەگێرێت، لە پیکهێنانی شورای سەرشەقام


بۆ لاپەڕە 3


## پاساوەکانی بەغدا و دەسەلآتی هەرێم، لە پەیوەند بە موچەی فەرمانبەران پوچ و بێناوەرۆکن!



زیاتر لە دوو مانگ و نیوە فەرمانبەرانی کوردستان موچەیان وەرنەگرتووە و دیاریش نییە کەی سەرانی تێروتەسەلی بۆرژوازی عێراق و کوردستان، بە ڕیکەوتن دەگەن و کێشەی موچە چارەسەر دەبێت. فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردستان زیاتر لە١٠ ساڵە گرفتی موچەیان هەیە. ئەم گرفتە بۆتە هۆی تایبەتمەندیەکی دەورەیەکی دورودرێژ و ژیانکوژ. ئەگەر وەکو ئەوەی دەسەلآتی بەغدا بانگەشەی دەکات،


بۆ لاپەڕە 3


## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بەرهەمی حکومڕانی هەرێم.........................................................................ل4
- برسێتی رەگەی هاری پێوەیە یان هۆکارێکە بۆ بێدەنگ کردن...........................ل4
- لەیادو بیرەوەری پر شکۆداری راپەرینە دووەمی لەشاری هەولێردا.....................ل6


**مەنسور حیکمەت: هێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هێرش نەکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ سەر یەکێتی سەرچاوەی گرت... ل8-9**



## دۆسیەی ژمارە" پرسی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە ململانێی بەغدا و هەرێمدا"

**مامۆستا کامەران لەتیف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل10**

پرسی ڕۆژ ل5 — کۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

## درێژەی وتەی ژمارە

هیچ کام لەو رێکەوتننامانە بەجێگای خۆیان نەگەیشتن. بەتایبەتی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی ئاڵۆزکاوی ناوچەکە، ئامادەی پابەند بوون بە رێکەوتننامەکان نەبوو، دەسەڵاتی ناوەندیش لەم دۆخەدا، کەدەرگیری گرفتی ناوچەیی و هەرەشە نوییەکان بوو، ئامادەیی بۆ پەرەسەندنی گرژی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم نەبوو.

له ماوەی چەند مانگی رابردوودا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەتایبەتیش لەو برگەیەدا کە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران گەیشتە ئاڵۆزی و زبری و جەنگ بەهێرشی ئیسرائیل و بە هاوکاری ئەمریکا بۆسەر ئێران روویدا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەتایبەت "پارتی"، خۆشباوەر و هیوایان بەوە بەستەوە کە رژێمی ئێران ڕووبەرووی خرۆشانی جەماوەری دەبێتەوە، بەو پێیەش یان دەرووخێت یانیش زۆر لاواز دەبێت، ئاستی هەرەشەکانیان بۆسەر دەسەڵاتی بەغدا زیادی کرد و ئومێدیان هەبوو بەغدا، ملکەچی خواستەکانیان بکەن. راوەستانی جەنگی نێوان ئیسرائیل و ئێران و خۆ رادەست نەکردنی ئێران، هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە، تا ئەو رادەیەی رەوەندی روو لەداکشان و پاشەکشەی ئێرانی لە تەواوی ناوچەکە راگرت، ئەمەش جارێکی تر هیوای بەخشیەوە بە هێزە نیابەتیەکانی ئێران و تا رادەیەک گوشارەکان لەسەریان سوک بوو، لەم برگەیەدا بەغدا و هێزە سێبەرەکانی ئێران لە لایەکەوە لە رێگای ناردنی درۆنەکان بۆسەر هەرێم و وەکو وەڵامێک بە خۆشباوەی پشتیوانیان بە ئەمریکا و غەرب و هەم لە رێگای راگرتنی ناردنی موچە و بە پاساوی رادەستنەکردنی نەوت و داهاتی نانەوتی و تەوتین نەکردن... ناردنی موچەی فەرمانبەرانیان راگرت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیان لەگەڵ بن بەستێکی قورس رووبەڕوو کردەوە.

ئێستا کە خەریکە ئارامییەکی رێژەیی بەبەراورد بە چەند مانگی پێشوو، دەبێتە واقعیەتێکی ناچاری، هەم دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا مامەڵەیەکی تر لەگەڵ هەرێم دەکات و هەم دەسەڵاتی هەرێم، ناچارە بەدوای کارتی تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی بەرگەی دۆخی تازە بگرێت. بۆیە هەرەشەی بەکارهێنانی کارتی تر دەکات بۆ ناچارکردنی بەغدا بە داخوازییەکانی دەسەڵاتی هەرێم.

ئەگەر پێشتر بەغدا و هێزەکانی سەر بەئێران بەهۆی گوشارەکانی سەریان لەبەرامبەر بە دەسەڵاتی هەرێم نەرم بوون، ئێستا لەژێر ئەو گوشارە زۆرەدا نین و هیچی تر ئامادەیی نەرمی نواندن و سازشکردنی زۆر نین و دەیانەوێت دەسەڵاتی هەرێم پابەندی رێکەوتنامەکانی پێشوو بکەن بە "رادەستکردنی نەوت بە سۆمۆ، رادەستکردنی نیوەی داهاتی نانەوتی، تەوتینی موچەخۆران" لە بەرامبەردا دەسەڵاتی هەرێم لە ژێر گوشارێکی زۆری بەغدا و شەقامی ناوخۆیی هەرێمدایە، وە هیچ کارتێکی بەهێزی بەدەستەوە نییە، ئەوە نەبێت دەیەوێت کەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستە هەرەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق و بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، لەڕێگای میدیا و کادرە لەخوارەکان دەخەنە ڕوو، گوایە بەو رێگایە پرۆسەی سیاسی لە عێراق پەک دەخەن، و بەغدا ناچار بەوە دەکەن مل بەخواستەکانیان بدات، بەڵام راستی ئەوەیە پارتی ناتوانێت بکشێتەوە. یەکەم: بەو هۆکارەی لەگەڵ هێزەکانی تری ناسیونالیزمی کورد ناتەبایەو ریزەکانیان لێکشیواو و لێک ترازاوەو لیست و ئەندام پەرلەمانەکان و وەزیرەکانی لایەنەکانی تر ئامادەنین ملکەچی سیاسەتی پارتی ببن. دووەم، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پارتی متمانەیان لای خەڵکی کوردستان نەماوەو بەشی هەرەزۆری خەڵکی هەرێم، دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد و پارتی بە هۆکاری سەرەکی ئەزمە و گرژی لەگەڵ بەغدا و پابەند نەبوون بە رێکەوتنەکان دەزانن. بۆیە هەرەشەی کشانەوە جگە لە بەدەستەوە گرتنی وەکو کارتێک بۆ موچە لەو دۆخە تازەیەدا شتیکی زیاتر نییە، بەڵام کارتێکی لاواز و شانسی سەرکەوتنی نییە.

دیارە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتی پارتی دەزانن ئەگەر پرسی نەوت و داهاتی نانەوتی ناوخۆییان لەدەست دەربێت، فرۆشتن و داهاتی نەوت و نانەوتی بکەوێتە ژێر چاودێری دەسەڵاتی بەغدا، جگە لەوەی پێگەی هێندەی تر لاواز دەبێت، هاوکات رووبەروودەبێتەوە لەگەڵ ئەزمەی ناوخۆیی... پارتی و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە رێگای دزین و بە قاچاغ بردنی نەوت و دەست بەسەراگرتنی تەواوی داهاتی نانەوتی توانیویانەو دەتوانن موچەی لەشکری کادرانی حزب و بن دیوار و میدیای زەبەلاحی هەزار سەرە و لەشکرێک بۆ کاتی هەڵبژاردنەکانی، دابین بکەن، بۆیە بە لەدەست دەرهێنانی پرسی نەوت و داهاتی نانەوتی و ناوخۆیی توشی گرفتێکی سەرەکی دەبن، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەن کە خۆیان لەو دۆسیەیەو پابەند بوون بە هەر رێکەوتنامەیەک بدزنەوە کە داهاتی نەوتی و نانەوتیان بەیەکجاری لەدەست دەربهێنێت.

دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، سەرباری کیشە ناوخۆییەکانیان و پەرتەوازەیی ریزەکانیان، لەسەر پرسی مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد تا رادەیەکی زۆر کۆک و هاوڕان و ئامادەنین بە وێنەی پێشوو مل بدەن، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی ناوەندیش لەگەل پرسی کورتهێنانی بودجەو دەیان گرفتی تر رووبەڕوون. وە بۆرژوازی باڵادەست لە عێراقدا دەیەوێت رەوەندی دووبارە قوتبی کردنەوەی دەسەڵات لەدەستی ناوەندیدا، درێژە پێبدات و گرفتەکانی بەردەمی بۆ ئەو ئامانجەی کەنار بخات. بەشێک لە هیزە میلیشیاییەکانی عێراق و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دوو کۆسپی سەرەکی بەردەم قوتبی کردنەوەی دەسەڵات و حکومەت و دامەزراوە بۆرژوازیەکانی عێراقن. عێراق دەیەوێت ئەوانە وەلا بنێت و لەو راستایەشدا لە پشتیوانی زۆری کۆمەڵگەی نێودەولەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی بەهرەمەندە. دەستور و فیدرالیزم، لە قازانجی دەسەڵاتی ناوەندیدایە و بەهەر ئەندازە دەستور و فیدرالیزم کاری پێ بکرێت و جێ بخرێت، بە زیانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەشکێتەوە... چونکە دەسەڵاتی ئیستای بۆرژوازی کورد زۆر واوەتر لە فیدرالیزمە... فرۆشتنی نەوت و غاز و سەرجەم سامانی سروشتی، پرسی بەرگری و سنور و سوپا... هەموویان بەپێی دەستور بۆ دەسەڵاتی فیدرالی ناوەندی دەگەڕێتەوە. گێرانەوەی ئەمانە بۆ ژێر هەژموونی دەسلاتی ناوەند، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەکاتە تەیرێکی قەڵبی بێ باڵ و لاواز...

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢٥**

**دەسەلاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، سەرباری کیشە ناوخۆییەکانیان و پەرتەوازەیی ریزەکانیان، لەسەر پرسی مامەڵە لەگەڵ دەسەلاتی بۆرژوازی کورد تا رادەیەکی زۆر کۆک و هاوڕان و ئامادەنین بە وێنەی پێشوو مل بدەن، بەتایبەتی کە دەسەلاتی ناوەندیش لەگەل پرسی کورتهێنانی بودجەو دەیان گرفتی تر رووبەڕوون. وە بۆرژوازی باڵادەست لە عێراقدا دەیەوێت رەوەندی دووبارە قوتبی کردنەوەی دەسەلات لەدەستی ناوەندیدا، درێژە پێبدات و گرفتەکانی بەردەمی بۆ ئەو ئامانجەی کەنار بخات. بەشێک لە هیزە میلیشیاییەکانی عێراق و دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، دوو کۆسپی سەرەکی بەردەم قوتبی کردنەوەی دەسەلات و حکومەت و دامەزراوە بۆرژوازیەکانی عێراقن.**

**دیارە دەسەلاتی سیاسی هەرێم، بەتایبەتی پارتی دەزانن ئەگەر پرسی نەوت و داهاتی نانەوتی ناوخۆییان لەدەست دەربێت، فرۆشتن و داهاتی نەوت و نانەوتی بکەوێتە ژێر چاودێری دەسەلاتی بەغدا، جگە لەوەی پێگەی هێندەی تر لاواز دەبێت، هاوکات رووبەروودەبێتەوە لەگەڵ ئەزمەی ناوخۆیی... پارتی و دەسەلاتی بۆرژوازی کورد لە رێگای دزین و بە قاچاغ بردنی نەوت و دەست بەسەراگرتنی تەواوی داهاتی نانەوتی توانیویانەو دەتوانن موچەی لەشکری کادرانی حزب و بن دیوار و میدیای زەبەلاحی هەزار سەرە و لەشکرێک بۆ کاتی هەڵبژاردنەکانی، دابین بکەن، بۆیە بە لەدەست دەرهێنانی پرسی نەوت و داهاتی نانەوتی و ناوخۆیی توشی گرفتێکی سەرەکی دەبن، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەن کە خۆیان لەو دۆسیەیەو پابەند بوون بە هەر رێکەوتنامەیەک بدزنەوە کە داهاتی نەوتی و نانەوتیان بەیەکجاری لەدەست دەربهێنێت....**

## درێژەی: هاوڕێ حەسەن مارف، سیمای خۆشەویست و تێکۆشەری نەسرەوتووی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆ هەمیشە چاوەکانی لێك نا!!




دەبێتە سیمایەکی ناسراو... لەدەستپێکی هەوڵ بۆ پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کریکارییدا بەشداری دەکات و یەکێک دەبێت لەو کادرانەی بەچاوی پر ئومێدەوە بۆ رزگاری خەون و خولیا خەباتکارانەی بە حـــزبەوە گـرێـدەدات... لەگەڵ پییکهاتنی حزبەوە تا دەگات بۆ دوا رۆژی چاو لیکنانی، چ لە ناوخۆی کوردستان و چ ئەوکاتەی دێتە دەرەوەی ولات و لە ئوسترالیا نیشتەجێ دەبێت، بەبەردەوامی بێدابران لە ریزی کۆمۆنیزم و ئەم حزبەدا درێژە بە هەلسورانی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازنە دەدات... هاوڕێ حەسەن لە ژیانی تایبەتی و شەخسی خۆیدا چ لە ئاستی کۆمەڵگە و چ لە ناو خیزان و دەوروبەرەکەی هەموو ئەو تایبەتمەندییە کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی و یەکسانی خوازییەی باوەری پەتەوی پێی هەیە، پراکتیکی دەکات... هەمیشە دەم بەخەندەو یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بزە خستنە سەر لێوی هاوڕێ و کۆرو کۆمەڵەکانی بووە، جێگای متمانەو دڵسۆز لە پەیوەندی خێزانی وهاوڕییانەدا ئەوی کردبووە کاراکتەرێکی خۆشەویست. ئینسان لەگەڵ هاوڕێ حەسەندا هەمیشە هەستی بە ئارامی و پاریزاو بوون دەکرد... زیاتر لە چوار دەهە هاوڕێ حەسەن بەم خەسڵەت و تایبەتمەندیانەوە ئالاهەڵگری کۆمۆنیزم بوو لەدژی نیزامی ستەم و چەوساندنەوە و بیمافی سەرمایەداری. بروای پتەوی بە کاری رێکخراو و ئامانجدارانە هەبوو، لەو رێگایەدا نەک دریغی نەکرد، بەڵکو زیاد لە توانای خۆی تیکۆشا و قوربانیدا... دوای ئەم هەموو خەبات و تیکۆشانە بەردەوامە، کە زیاتر لە چوار دەهەی خایاند، چاوەکانی لیکنا و ڕێبازی کۆمۆنیستی خۆی جێ هێشت بۆ هاوڕییان و نەوەکانی دوای خۆی تا درێژە بەو رەوت و رەوەند بدەن لە پێناو دنیایەکی باشتردا... ژیانئاوایی هاوڕێ حەسەن خەسارەتێکی بەرجەستەیە لە بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئازادیخوازی...

لێرەوە سەرەخۆشی خۆم لە خێزانە جوان و بەرێزە ئازیزەکەی لە چیمەن و دوو گوڵە جوانەکەی زاریاو پۆشکین و لە خوشک و براو سەرجەم هاوڕێ و ئازیزان و هەموو ئەوانەی نیگەرانی ماڵئاوایی ناوادەی حەسەنن دەکەم و دەڵێم بخەوە هاوڕێم، دوای ئەو هەموو ماندووبوون و تیکۆشانە بێ پسانەوەیە... کاتی پشووە...

*****************

## درێژەی: پاساوەکانی بەغدا و دەسەڵاتی هەرێم، لە پەیوەند بە موچەی فەرمانبەران پوچ و بێناوەرۆکن!

دەسەڵاتی هەرێم نەوت رادەستی سۆمۆ ناکات، داهاتی نا نەوتی نادات بە بەغدا، خۆی لە پرسی تەوتین دەدزێتەوە، نەوت بە قاچاغ دەفرۆشیت، گرێبەست لەگەل کۆمپانیاکان دەکات بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئەوە هێندەی پابەند نەبوونی دەسەڵاتی هەرێمە بە ڕیکەوتنەکانی لەگەڵ بەغدا، سەد ئەوەندە ستەمە لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتیش موچەخۆران. هەموو ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی هەرێم دەیکات لە فرۆشتنی نەوتەوە بۆ گرێبەستی غاز و بە قاچاغ بردنی نەوت، دەستگرتن بەسەر داهاتە نانەوتی و ناوخۆیی...تاد، لە جێگای ئەوەی ببیتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بیکاری و گرانی و بوژانەوەو پتەوکردنی ژێرخانی هەرێم و زامن بوونی موچە و خزمەتگوزارییەکانی دانیشتوانی، بۆتە مایەی خستنە ژێر قەرزی خەڵکی کوردستانەوە و بی موچەیی و بێخزمەتگوزاری ژیان و گوزەرانی فەرمانبەرانی رووبەرووی سەختی و سەرجەم کۆمەڵگەی لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو بەرەو روو کردووە. جیا لەوانە دەسەڵاتی بەغدا باش دەزانێت ئەوەی نەوت دەفرۆشێت و دەستی بەسەر داهاتەکانی کوردستاندا گرتووە سەرقاڵی گرێبەستی ترە و پابەندی ڕیکەوتنەکان لەگەڵ بەغدا نییە، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، نەک خەڵکی کوردستان و فەرمانبەران.

پاساوەکانی بەغدا و پاساوەکانی دەسەڵاتی هەرێم، لە پەیوەند بە زامن نەبوونی موچەی فەرمانبەران پوچ و بێناوەرۆکن. هەوڵەکانی هەردوو لاش بۆ ڕیکەوتن و سازان، پەیوەندی بە پرسی موچەوە نییە، پرسی موچە بۆ دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، پرسێکی روکەشە کە لەسەر پرسە بناغەییەکان رۆنراوە. ململانێی بەغدا و هەرێم، ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازییە لەسەر دەسەڵات و قورغکردنی سامان و داهات، لەهەلومەرجێکی نوێ بە پاساوی تازەوە. دەسەڵاتی هەرێم لە ئێستادا دەیەوێت کەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وەربگرێت و خواستەکانی خۆی بسەپێنێت، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ناوەندی ترسی لەدەسەڵاتی هەرێم نییەو دەزانێت هیچ کارتێکی بەهێزی بەدەستەوە نییە، بۆیە مل بەخواستەکانی نادات و هەرەشەکانی بە هەند وەرناگرێت.

لەو نێوەدا موچەخۆرانی هەرێم و خەڵکی کوردستان نابێ هیچ چاوەروانیەکیان لە دەسەڵاتی بەغداو هەرێم بێت بۆ چارەسەری پرسی موچە، لەجێگای ئەوە پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و بڕیار لەسەر هەنگاوەکانیان بدەن بۆ گوشار خستنە سەر هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم تا پرسی موچە چارەسەر ببێت... هەنگاوی یەکەم لەو راستایەدا، رەتکردنەوەی وەفدی هەرێمە لەگەڵ بەغدا و راگەیاندنی ئەوەیە کە وەفدەکانی هەرێم و بەغدا دوور و نزیک نوێنەرایەتی پرسی وموچەو فەرمانبەران ناکەن. هەنگاوی دووەم وەڵامدانەوەی پاساو بیانوە پوچەکانی بەغدا و هەرێمە لەسەر پرسی موچە و گەیاندنیەتی بەرای گشتی خەڵکی کوردستان. هەنگاوی سێیەهەم راکیشانی پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە و پشتیوانی رێکخراوە کریکاری و سەندیکا کریکاریی و جەماوەری و پیشەییەکانی دنیای دەرەوە. هەنگاوی چوارەم دروستکردنی پەیوەندی و پەرەدانە بە هاوکاری و نیوان موچەخۆرانی کوردستان لەگەڵ فەرمانبەرانی عێراق و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری. هەنگاوی پینجەم دەستدانە کۆبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن لەبەردەم بارەگاو دامەزراوە پەیوەندیدارە خاوەن بریارەکانە. هەنگاوی شەشەم راگەیاندنی مانگرتنی گشتی و لە جوڵە خستنی کۆمەڵگەیە. هەنگاوی حەوتەم گوشار دروستکردنە لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی دەسەڵاتی هەرێم راگرتنیانە، بۆنموونە رێگەگرتن لە دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتیەکان، ریگەگرتن لە تانکەرە نەوتەکان...تاد. هەشتەم لەهەر دامەزراوەیەکدا کە داهاتی هەیە، کەڵک وەرگرتن لێی لەلایەن نوێنەرانی ئەو جێگایانە بۆ خودی فەرمانبەران و بەڕیوەبردنی کاروبارەکانی...تاد... هەرکام لەو هەنگاوانە دەتوانێت ببیتە گوشار و خستنە رووی ئیرادەو توانایی گەورەی خودی فەرمانبەران و کۆمەڵگە کە زۆر گەورەترە لە توانایی حزبەکانی دەسەڵات و کاوێژکارە موچە خۆرەکانیان. گومان لەوەدا نییە ئەگەر فەرمانبەران بە شێوەی رێکخراو سەراسەری و یەکپارچەو هاوئاهەنگ بێنە مەیدان، چ دەسەڵاتی بەغدا و چ دەسەڵاتی هەرێم ناچار دەبن، کۆتایی بە گرفتی پرسی موچە بهێنن و تیکەڵی پرسە سیاسیەکانی نەکەن.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.


* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# بەرهەمی حوکمڕانی پارتی



نووسینی: ڕێبوار یاسین

ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی پارتی بە خەڵکی کوردستانی کردووە فیرعەونی ستەمکار بە قەومی "جولەکە"ی نەکردووە. شەڕی دەسەڵات "براکوژی" کرد. ڕژێمی بەعسی داگیرکەری هێنایە سەر کوردستان. مووچەو قووتی خەڵکی بڕی. بازاڕی شێواندو خەڵکی لەکاروکاسبی کردا! سەتان هەزار دەرچووی زانکۆو پەیمانگەکانی لەوەزیفەی حکومەت بێبەشکردو سەتان هەزار گوێ لەمستی بە بندیوار دامەزراند . گەڕەکی شارەکانی رووخاندو خەڵکەکەی دەربەدەر کرد. زەوی شارەکانی بەسەر مۆدیل و گۆرانیبێژەکان دابەشکردو مۆزەفی قوڕبەسەریان لەخاکی نیشتمانەکەیان مەحرووم کرد !!.

ئێستا لەو میحنەتەی تێی کەوتووە کەسی لەپشت نەمایە. بەغدا خەریکە سواری ملیان دەبی کەس دیفاعی لێناکا. ئەوەندە قێزەون و ناشرین بوون کەس زگی پێیان ناسووتێ . ئەوەی ئێستا دێتە پێشیان بەرهەمی کارکردە سەقەت و دەسەڵاتە گەندەڵەکەیانە. سی و دوو سارە بەقەدەر ئەو چەند مانگە زەلیلو ریسوا نەبوونە. ئەوان کە خۆیان بە خوای سەرعەرز دەزانی خاک ونیشتمانی خۆیان هەڕاجکرد، ملیاران دۆلاری قووتی مندارەکانمانیان دزی، حیسابی رۆژەکی ئەوهایان نەکرد کە تەنها میللەت هاناو پاڵپشت و رزگارکەریانە. لەوەتەی ئەو دەسەڵاتە دامەزرایە لەزوڵم وستەم و غەدرو قەهرو دزی و تاڵانی زیاتر هیچیان لۆ میللەتەکەیان نەکردیە .

ئەو دەسەراتە کەینێ تێدەگا بەخێوکردنی کۆیلەو ماستاوچییە درۆزنەکان لەسەر حیسابی قووتی خەڵک دادی رۆژە رەشەی نادات؟ . کەینێ تێدەگا گێگرتن لە خەرکی دڵسۆزو رۆشنبیرە ئازادەکان و عائیلە نەجیبزادەکان زۆر شەریفترە!! لە ماستاوی کۆیلەو کادیرو سەرکردە هیچ لەبارنەبووەکان؟ . کەی تێدەگەن دەسەڵات بەڕێوەبردن بە زەبروزەنگ ستەم و زوڵم و زۆرداری بەردەوام نابی، بەڵکو بە خۆشەویستی میللەت وخزمەتکردنی سەرفرازتر دەبن ؟.کەی هەستی ئینسانیتان دەجولێ قییچەک باری قورسی ژیانی ئەو خەڵکە سووکتر بکەن ئەو هەموو باجو سەرانەیان لەسەر لابەن کە لە نەتیجەشدا دەبی بە ملشۆڕی تەسلیمی دەستی بەغدای بکەنەوە؟. کەی شعووریان دەبی چارەسەری قەیرانی ئاوو کارەبا و خزمەتگوزاری بکەن؟. کەی تێدەگەن برسیکردنی خەرک و کوشتن و زیندانیکردنی نوسەرو رۆژنامەنووس رووی دەسەراتەکەیان ڕەشتتر دەکات. کەی تێدەگەن درۆ عەیبە، دزی وتاڵانی تاوانە، نانبڕین زوڵم و ستەمە ؟!

میللەت هەرچی هەیبوو بەو دەسەراتەی پارتی و هاوبەشەکانی بەخشی و هیچیتری پێ نەمایە بیاندانێ، ئەوجا ئێستا کاتی ئەوە هاتیە لەهەڵبژاردنی داهاتوودا گێسک لەو دەسەڵاتەی پارتی و هاوبەشەکانی بدرێ و فڕێ بدرێتە ناو زبڵدانی مێژووەوە و( البادي أظلم)

ئەوەی بەغدا دەیەوێت دوو وشەیە: پابەندبن بە یاسای بودجە تا مووچە و بودجە بنێرین.

کۆتا هەوڵ و پێشنیار لە بەغداوە بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی مووچەو برسێتی خەڵکی کوردستان، پێچ و پەنای تێدا نییەو تەنها دوو وشەیە: یاسا جێبەجێ بکەن، تا مووچەو بودجە بنێرین، ئەمەش قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، بەمجۆرە:

یەک/ بە پێی یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٣-٢٠٢٥) کە پەرلەمانتارانی کوردیش دەنگیان پێداوە، پێویستە هەرێمی کوردستان:

١- ڕۆژانە (٤٠٠،٠٠٠) بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکات بۆ فرۆشتنی، بۆ ئەوەی داهاتەکەی بچێتە ئەژمارێکی بانکی وەزارەتی دارایی فیدراڵ وەک بەشدارییەک لە خەزێنەی گشتی.

٢- نیوەی داهاتی ناوخۆ ڕادەستی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بکات.

٣- تەوتینی مووچە بکات (ئەمەیان دادگای ئیتیحادی زیادی کرد)، بەغدا بۆ تەوتنی مووچە بە "هەژماری من"یش ڕازییە.

دوو/ هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئەم سێ خاڵەی سەرەوەی جێبەجێ نەکردووە، بەمجۆرە:

١- بە پاساوی جۆراو جۆری ناڕەواو نادیارو شاراوە، نەوت ناداتە سۆمۆو خۆی دەیفرۆشی بە تەنکەرو پاڵاوگە!

سەیرە، نەوت نەدەیت بە سۆمۆ تا بە (٧٠ دۆلار) بیفرۆشێ، خۆت بە (٣٢ دۆلار) بیفرۆشی، داهاتەکەش کەس نەزانێت چی لێدێت!

٢- هەرێم داهاتی ناوخۆ ڕادەست نەکردووە بەو جۆرەی لە یاسادا هاتووە، کە ئەگەر نیوەی داهاتی ناوخۆ بێت ئەوە بەپێی ژمارەی خۆیان مانگانە (١٧٥ ملیار) دینارە، ئەگەر نیوەی داهاتی فیدراڵی بێت، ئەوە نیوەکەی مانگانە (٩٥ ملیار) دینارە، هەرێم لە ساڵی (٢٠٢٤) تەنها پێنج مانگی ناردووە بۆ بەغدا زۆر کەمتر لەو بڕانە، لە (٢٠٢٥)یش چوار مانگی ناردووە، بەڵام هەر مانگێک هێندەی کەم کردووەتەوە بەغدای تووڕە کردووە بە ئاستێک دەڵێن: "بەرپرسانی هەرێم گاڵتەمان پێدەکەن!"، (بۆ هەر مانگێک تێکڕا نزیکەی ٤٩ ملیار دیناریان ناردووە!).

٣- تەوتینی مووچەی نەکردووە، کە بریتیە لە ڕادەستکردنی ئەژماری بانکی مووچەخۆران بۆ ئەوەی مانگانە وەزارەتی دارایی فیدراڵی مووچەی ڕاستەوخۆ بخاتە سەر، هەرێم نەیکردووە تا ئێستا، تەنانەت (هەژماری من) یشیان ڕادەست ناکات!

سێ/ جێبەجێکردنی هەرسێ بڕگەکە کە یاسای بودجەو بڕیاری دادگای فیدراڵییە، لە قازانجی خەڵکی کوردستانە، ئایا حکومەتە ماوە بەسەرچووەکە ئەم قازانجەی خەڵکی کوردستان هەڵدەبژێریت یان بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم دۆخی برسیکردن و ستەمکردنە لە مووچەخۆرانی کوردستان؟ دەبێت چاوەڕێبین!

چونکە ئەگەر هەرێم ئەم سێ بڕگەیە جێبەجێبکات، ئەوە نەوەک مووچەی مانگانە کە (یەک ترلیۆن) دینارە، بەڵکو مافی خۆمانە بوارەکانی تری بودجە کە بریتین لە (تەواوی بەگەڕخستن، پەرەپێدانی پارێزگاکان، وەبەرهێنان) بگاتە هەرێمی کوردستان کە مانگانە زیاترە لە (یەک ترلیۆن) و (٦٠٠ ملیار) دینار، ئەمەش مافی خەڵکی کوردستانە و دەرفەتێکە بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانێک کە لە (٢٠١٤)ەوە هەردوو کابینەی هەشت و نۆی حکومەت بەسەر هەرێمی کوردستاندا هێناویەتی کە سەرەنجامەکەی ستەم لە خەڵک و وەستان و پاشەکشەبوو لە ئاوەدانکردنەوەو بونیادنانی ژێرخانی ئابوری کوردستان.

***************

# برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە یان هۆکارێکە بۆ بێدەنگ کردن؟!



نووسینی: نەژاد عوسمان

سەرنجێک لە چواردەورت بدە تێ ئەگەی کە هیچ شتێک لەجێگەی خۆی نەماوە. بۆت روون ئەبێتەوە کە مرۆڤەکان ناتوانن بەتەواوی هاوسەنگی لە نێوان وتار و کرداریان دا دروست بکەن و ئەو حەقیقە چەپێنراوەی لە ناخیاندا پەنگی خواردۆتەوە بیکەنە وەرچاخانێک بۆ نەهێشتنی زوڵم و وەستاندنی ئەو پرۆسە بەرنامەڕێژیەی کە لەم ڕۆژگارەدا بۆ برسیکردن و بێکارکردنی خەڵک گیراوەتەبەر. بێدەنگیەکی کردەیی باڵی کێشاوە بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە دووگەورەترین نیعمەت بێبەشکراون کە ئەوانیش ئاسایشی فیزیکی و ئاسایشی خۆراکە کە خۆی لە مووچە و بەبازاڕکردنی ئەو داهات و سەروەتە نیشتیمانیەدا ئەبینێتەوە کە لەبەرژەوەندی چەندکەسانێکی بنەماڵە سیاسەکاندا وەگەڕخراوە و ئێستا ئەوان بەسیاسیان کردووە بۆ پەردەپۆشکردنی شکستی شاخ و شاریان !

ئەم هەموو بێدادی و ناڕێکی و برسیکردنە هەیە چەقۆی قەساب لەسەر ملت دانراوە! کەچی کاردانەوەکان لەچوارچێوەی بۆڵەبۆڵی میدیایی و سۆشیەڵ مێدیا تێناپەڕێت و شەقامی ناڕازی ڕاستەقینە جمەی نایەت و هێشتا گەمژەکان هەر لەسەر کورسی دەسەڵاتن! لەوە خراپتر ئەوەیە هەندێک کەس ئەو جوڵەیەشیان نییە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەرزەنشت ئەکرێیت کاتێک تۆ ئەتەوێت لەجیاتی ئەوان دەست بخەیتە سەر کەم و کوڕیەکان !

کورد ئەڵێ برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە و ماکیاڤیللیش ئەڵێ هۆکاری ڕەدووکەوتنی خەڵکە بۆ دەسەڵاتێکی چەوسێنەر. من زیاتر لەگەڵ بۆچوونەکەی ماکیاڤیللیم، چونکە زۆر بە ئاشکرا کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانەوە بەش بەش و برسی و بێدەنگ ئەکرێن تا ئەگەر ڕۆژێک ئەو ڕەگی هاربوونە تەشەنەی کرد ئەوا هەموو کۆمەڵگە نەگرێتەوە و مەجالی کۆنترۆڵکردنی تیا هەبێت !

خۆ ناشکرێت و ڕاست نییە بڵێی جارێ کۆمەڵگەی کوردی هێشتا برسی نییە، بۆیە خەباتی جددی دەست پێنەکردووە؟! ژیانی خەڵک لەبەرچاوماندا ئەو گومانە ڕەد ئەکەنەوە! ئەوەتانێ کۆمەڵگە بەشێکی کەمی بە سەربازیکراو تێرکراوە بۆ پەلاماردان و سەرکوتکردنی بەشە زۆرینە برسیکراوەکە مەدەنیەکە .

بۆیە گومانی تیا نییە تا خاوەنی پارتی و یەکێتی بین، تاخاوەنی میللەتێکی ئاوا خەمسارد و پەرت و بێ بەرنامەبین، کارەسات و ژینگەیی و ژیاری و مرۆییەکان ڕوو لەزیادبوونە !

خۆزیا میللەت هەر ئێستا درەنگتر نەبێت درکی بەو مەترسییە ئەکرد کە سیاسیەتی هەرزەیی و نەزانی پارتی و یەکێتی دروستیان کردووە. خۆزیا گەل ئێستا مەنهۆڵی ئەو زەلکاوەیان هەڵئەدایەوە و ئەو دەسەڵاتەیان ئەکرد بەڕابووردوو کە سی و چوار ساڵە بەردەوامی هەیە، نەک درێژە بکێشێ بۆ چەند ساڵێکی تر. بۆئەوەی چارەسەرەکان زیاتر لە گرێژنە دەرنەچن و زووتر بتوانرێت کۆمەڵگەکە جارێکیتر بخرێتەوە سەرڕێ و هەناسەیەکی بە بەردابێتەوە .

**************

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## کێشەی عەشایەری و شکست و بێ توانایی حکومەت

## هاوڕێ کامەران محەمەد وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە

**پرسی ڕۆژ: کێشەی عەشاییری یان شکست و بێتوانایی حکومەت ویاسا؟**



لەم هەفتەیەدا لەقەزای خەبات کێشەیەکی کۆنی عەشایەری لەنێوان هەردوو عەشیرەتی هەرکی وگۆران سەریهەڵدایەوە، وتوندوتیژی لێکەوتەوە. دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم، بەتایبەتر هێزەکانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان لەژێرپەردەی یاساوە بۆدەستگیرکردنی یەکێک لەئاغا و دەسترۆیشتوەکانی عەشیرەتی هەرکی بەناوی (خورشید هەرکی) چونە سەر ماڵیان وبەریەککەوتن وتوندوتیژی لێکەوتەوە وقوربانی لەهەردوولا بەکوژراو بریندراری لێکەوتەوە.

**پرسی ڕۆژ: ئایا ئەو ڕووداوە کێشەی نێوان دوو عەشیرەتە یان شکستی حکومڕانی وپاشەکشەی یاسایە؟**

بەڕێز کامەران محەمەد چالاکوانی مەدەنی وەڵامی ئەم پرسەمان دەداتەوە...

بابەتی خورشید هەرکی، بابەتێکی فرە ڕەهەندە، بەدەر لەوەی لە نێوان ئەم دوو عەشیرەتە (هەرکی و گۆران) کێ لەسەر هەقە و کێ ناهەقە، لایەنێکی دیکەی گرنگ هەیە دەبێت لەسەری بوەستین، ئەویش ڕۆڵی حکومەت و دەسەڵاتە. حزبی دەسەڵاتداری کوردی چونکە لە بنەڕەتەوە مێنتالێتییەکی خێڵەکیانەی هەیە، بۆیە سیاسەتی ئیدارەدان و حوکمڕانیشی لە بازنەی خێڵگەرایی دەخولێتەوە. بۆ نمونە پارتی و یەکێتی لە ماوەی حوکمڕانی خۆیاندا هەمیشە هەوڵیانداوە خێلگەرایی ببوژێننەوە! لە جیاتی ئەوەی کار لەسەر ئەوە بکەن کۆمەڵگە بەرەو مەدەنییەت بچێت، و تاک خۆی چەق بێت، هاتوون پارەوپولێکی زۆریان لە تاکێک سەرفکردوە بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی هۆزێک و سەرجەم تاکەکانی ئەم هۆزەی پێ ببەستنەوە. بۆ نمونە ئەو پارەی لە ڤیستیڤاڵی عەشیرەتەکان سەرفکراوە، هەوڵێک بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەزاران کەس لە ڕێگەی کەسێکەوە، ئەم حاڵەتە چەندە سودی حزبی هەبێت، بەڵام هەڵەیەکی ستراتیژییە و پایەکانی دەوڵەت لەرزۆک دەکات. هەر ئەو شەڕەی هەولێر نمونەی ئەم لەرزۆکییەی حکومەتی دەرخست!

دیوێکی دیکەی کارەساتی بە خێڵکردنی کۆمەڵگە، ئەوەیە کە زۆرینەی هەردوو لایەنی شەڕکەر، چەکداری یەک حزبن، هەر هەموشیان لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە چەکیان پێدراوە! لێرەدا شتێک نامێنێت بە ناوی حکومەت و سەروەری یاساوە، چونکە لەم حاڵەتە خێڵ لە یاسا بەهێزترە، و سەرۆک خێل خۆی حاکمی موتلەقە! زۆر بە کورتی هەتا حزبی عەقڵ خێڵەکی لەسەر حوکم بێت؟ کۆمەڵگە ناتوانێت هەنگاو بەرەو عەدالەت و ڕێزگرتنی یاسا بهاوێژێت و کارەساتەکان بە شێوازی جۆراوجۆر چەندپاتە دەبنەوە!

# کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە پێناو کوشتنی هیواکان...

## عەبدولا مەحمود

٢٥ ساڵ بەر لەئێستا، دەستی تا ئەنیشک خوێناوی هیزە چەکدارەکانی یەکێتی بەبریاری قارەمانانەی ئینسان کوژی سەرکردایەتییە نۆکەر پیشەکەیان، دەستەیەک لە ئینسانی خەباتکاری کۆمۆنیستیان بەرۆژی روناک و لەناو جەرگەی شاردا، خەڵتانی خوێن کرد و شێر!! ئاساش، دیلی ناو ئەو بۆسە ترسنۆکانەیان گوللە باران کرد. یەکێک لە بریندارەکانیان لە خەستەخانە بە پۆستاڵی بزوتنەوەی کوردایەتی گیان کیشا... دواتریش وەکو پیشەی بەعسییەکان، ڕیگەی پرسە بۆدانانیان لە کەس و کاریان یاساغ کرد و هەر خۆشیان بە بریاری "باوکی هەژاران" و ئالاهەڵگرانی سۆشیال دیموکراسی!! بەکۆمەڵ ژێرخاک خران و ئەزموونی ژێرخاکخستنی بەکۆمەڵی دەستی بەعسیان، گواستەوە ناو گۆڕستانی شار.




ئەم هێرشە درندانە لە پێشدا نەخشە بۆ کێشراوە، بۆ سەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، بەمەبەستی کوشتنی هیواکان بوو، بەمەبەستی ئەوە بوو نوێنەرانی کریکاران و بێبەشان، ئالاهەڵگرانی ئازادی و مافە ئینسانیەکانی ئینسان، هاواری یەکسانی ژن و پیاو، دەنگی رەسای دژە کۆنەپەرستی و نۆکەر پیشەیی، بۆ هەمیشە سەربڕن، وە بەکورتی بۆ کوشتنی هیواکان بوو.

بەڵام هیوا نامردێنرێ و ناتوانرێت قەسابی بکرێ. کرێکاران کە کۆمەڵگە بەهەوڵ و ماندوبوونی ئەوان دەچەرخێ تا کۆمەڵگەی چینایەتی بمێنێ، پێشرەوان و نوێنەرانی خواستەکانیان، کۆتاییان بۆ نییە. هاوارەکان بۆ ئازادی و دەنگە ئازادیخوازەکان خامۆش ناکرێن، چونکە ئازادی بەرزترین ویستی ئینسانە، ئینسان دۆستی کە ریشەی لەزاتی ئینساندایەو تایبەتمەندیەتی، لە ئینسان جیاناکرێتەوە. هاوار بۆ ئازادی تا ئازادی باڵادەستی رەها نەبێت، کپ ناکرێت... دەنگی رەسای یەکسانی ژن و پیاو، تا نابەرابەی و ستەم کێشی و بێمافی هەبێت، هەدا نادات..

٢٥ یەک ساڵ پێش ئێستا و کاتێک ئەم دەستەیە وەکو رەمزی ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کریکاریی، وەکو هاواری دەنگی رەسای ڕزگاری چینی کریکار و بێبەشان، وەکو هاواری هەقخوازنە بۆ ئازادی و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان، وەکو سەدای یەکسانی ژن و پیاو و نەفرەت لە کۆنەپەرستی و عادەت پیشەیی، قەسابی کران... ئۆردوی بێبەشان داواکاریان هەبوو، کار، نان و ئاو و کارەبا و خزمەتگوارییان دەخواست، دژی دزی و تالانی و گەندەڵی بوون، خوازیاری چونە دەرەوەی بنکەو بارەگای چەکدار لەشار و شارۆچکەکان بوون و نەفرەتیان لە کرێگرتەیی بوو، ئێستا داخوازی و ویستی ئۆردوی بێبەشان، بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتە... سەرکوت و فریوکاری، کوشتار، هاوارەکانی بەرزتر کرد، بانگی ئازادی ڕەساتر و خواستی بەرابەری بەرینتر و هیوا بە ئایندە و دنیایەکی باشتر، فراوانتر...

*****************

# لەیادو بیرەوەری پڕ شکۆداری راپەڕینی دووەمی ١٧/٧/١٩٩١ لەشاری هەولێردا

کات ئێوارە بوو، ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە ڕێکخراو بوون و لە ئامادە باشی دابوون بۆ ئەنجامدانی ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە شاری هەولێردا، لەگۆڕەپانی پاسەکانی پشت پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان ئەویش لەبەر دوو هۆکار بوو:

یەکەمیان: ئیسپات وجودی بزووتنەوەی کرێکاریی و سۆسیالیستی لەگۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا.

دووەمیان: دەرکردنی هەموو هێز و دام و دەزگایەکانی ( حزبی بەعسی فاشیزمی عێراق ) لەکوردستاندا.

ڕابەران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە زۆربەیان پێکهاتبوون لە ئەندامانی (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ڕەوتی کۆمۆنیست، سەرنجی کرێکار، بزووتنەوەی شورایی، یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی ئەدەب و هونەری کرێکاری و ...هتد ). لەپێش وەختدا چەندین لافیتە و بەیاننامە و چەندین کاری جدی و عەمەلی بۆ ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکە ساز و ئامادە کرابوو. هەر لەگۆڕەپانی پاسەکان بەسەدان خەڵکی شاری هەولێر شانبەشانی ڕابەڕان و هەڵسواڕاوانی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکە حوزور و ئامادە ببوون. لەکاتی دیاریکراودا دەستکرا بەڕێپێوان و خۆپیشاندان بەناو شەقامی(شێخ الله)دا. خەڵکی کرێکار و کاسبکار و جەماوەری شاری هەولێر بەجۆش و خرۆشێکی زۆر گەرمەوە بە شەپۆل دەهاتنە نێو ڕیزی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکە و چەندین هوتاف و دروشم و شیعاری لەجەشنی بژی (ئازادی، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری) لەنێو خۆپیشاندەران دەوترایەوە. تا کار بەوە گەیشت نەسەرەتا و نەکۆتایی خۆپیشاندانەکە دەبینرا و بەهەزارەها خەڵک لەدەوری ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکە ئامادەییان هەبوو لەنزیک چوارڕیانی باغی شاردا. ڕێپێوان و خۆپیشاندان بەردەوام بوو لەڕۆیشتن و هەنگاوی دەنا بەرەو شەقامی بازاڕی سیروان و تا لەچوارڕیانی کۆتری سەلامدا ڕوبەڕووی هێزێکی چەکداری زۆر گەورەی (ینک) بوونەوە بەناوی هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر کە لەلایەن (ڕێباز) لێپرسراو و فەرماندەی ئەو هێزە بوو. ئەو هێزەی (ینک) ویستی ڕێگری لەڕێپێوان و خۆپیشاندەرانی بگرێت و خودی فەرماندەی هێز (ڕێباز) قسەی لەگەڵ ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کرد و وتی(( ئەگەر ئێوە بەردەوام بن لەڕێپێوان و خۆپیشاندان، ئەوا حکومەتی عێراقی بەهەموو جۆرە چەکێک ڕوبەڕووتان دەبێتەوە و لەم نێوەدا تووشی کوشتن و برینداریێکی زۆر دەبن. ئێمە بەهیچ شێوەیەک ڕێگری لەئێوە ناکەین و خۆتان ئازادن لەبەردەوام بوونتان)). بەڵام ڕابەران و هەڵسوڕاوان و جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری هەولێر هیچ گرنگی و گوێیان بەقسەکانی (ڕێباز) نەداو و ڕێپێوان و خۆپیشاندان بەردەوام بوو بەناو شەقامی باتا بەتین و گڕێکی زۆرەوە هەنگاوی دەنا. کاتێک ڕێپێوان و خۆپیشاندەران ویستیان بەناو شەقامی قەڵا هەنگاو بنێن، ئەوا یەکسەر دەستکرا بەغازی فرمێسک ڕشتن بەنێو خەڵکدا کە لەلایەن هێزەکانی حزبی بەعسی فاشیزمی عێراق و بەپاڵپشتی هێزە چەتەکانی بەرەی کوردستانی بەکارهێنرا، بەڵام جەماوەری خۆپیشاندەران بەحەماسەتێکی شۆڕشگێر و لەخۆبووردییەوە هەر بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا و تا لەئەنجامدا دەست کرا بەشەڕ و تەقەکردنێکی زۆر سەخت و دژوار لەنێوان جەماوەری خۆپیشاندەران و هێزەکانی دکتاتۆری (سەدام حسێن)دا بەیارمەتی هێزە چەتەکانی بەرەی کوردستانی. ئامانج و داخوازی ڕێپێوان و خۆپیشاندەران ئەوە بوو بەهەر شێوەیەک بێت بگەنە بینایەی نوێی پارێزگای هەولێر، چونکە لەبینایەی نوێی پارێزگای هەولێردا دانووستان و کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە هەبوو لەنێوان سەرانی بەرەی کوردستانی و گەورە لێپرسراوانی حکومەتی دیکتاتۆری (سەدام حسێن)دا. وە هەروەها مەبەستی خۆپیشاندەرانی شاری هەولێر ئەوە بوو هەردوو بینایەی ئاسایشی گشتی و بینایەی نوێی پارێزگای هەولێر بەچەک و ئەفرادەکانییەوە دەستی بەسەردا بگیرێت و تەسلیم بەئیرادەی جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری هەولێر ببێت، بەڵام لە بینایەی پارێزگای هەولێردا بەچەکی (بی کەی سی و دۆشکە و جۆرەها چەکی تر) لەدژی خۆپیشاندەران بەکارهێنرا بۆئەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن و خۆیان دەرباز بکەن و ڕابکەن لەناو بینایەکەدا. سەرەڕای ئەوەش چەندین سەیارەی سەربازی و تانک و زریپۆش لەپێش بینایەی پارێزگای هەولێر وەستا بوو بەمەبەستی ئەوەی لەلایەک دەسرێژی لەخۆپیشاندەرانی دەکرد و لەلایەکی ترەوە دەیانویست بەرگری لەلێپرسراوانی سەرانی بەرەی کوردستانی و کاربەدەستانی حزبی بەعسی فاشیزم بکەن و دەربازیان بکەن. تا لەئەنجامدا ئەفرادەکانی ناو بینایەکەدا بەدەرگای پشتەوە ڕایانکرد و دەربازیان بوو. هەردوو بینایەکە لەلایەن جەماوەری شاری هەولێرەوە دەستی بەسەردا گیراو و کۆنترۆڵ کرا. بەڵام دەبێ بۆ مێژوو ئەو ڕاستییە بڵێین کە مەفرەزەیەک لەپێشمەرگەکانی (حزبی شیوعی عێراق)ی دەور و کاریگەرێکی بەرچاوی بینی کەهاتنە نێو ڕیزەکانی خۆپیشاندەران و بەچەکی (ئار بی جی و بی کەی سی و دۆشکە و جۆرەها چەکی تر) بۆردومانێکی زۆر خەستی بینایەی



پارێزگای هەولێری کرد. دوای کۆنترۆڵکردنی شاری هەولێر لەلایەن جەماوەری شاری هەولێرەوە حکومەتی فاشیزمی عێراق دەستی کرد بەبۆردومانکردنی ئەم شارە بەتۆپ و هاوەن لەسەربازگەی فەیلەقی (٥)دا. تا لەکۆتاییدا حکومەتی دیکتاتۆری (سەدام حسین) بەیەکجاری دام و دەزگاییەکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوە. بەڵام زۆر بەداخەوە چەندین ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی و چەندین خەڵک لەخۆپیشاندەران بەدەستڕێژی چەتەکانی سەرانی بەرەی کوردستانی و حزبی بەعسی فاشیزمی عێراق کوژران و بریندار بوون، هاوڕێ ئاراس (ئەرسەلان مەولود) یەکێک لەوانە بوو، کە ژیان و ڕوح و خوێنی بەخشی لەپێناوی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا. بۆ ڕۆژی دواتر (جەلال تالبانی) سکرتێری (ینک) هاتە سەرسەکۆی بینایەی پارێزگای هەولێر و وتاری خۆیدا و بەدەسکەوت و قازانجی ئەحزابی میلیشیای ناسیونالیستی کوردستان شکایەوە، ئەویش لەدەرئەنجامی غیاب و نەبوونی حزبێکی پێشڕەو و شۆڕشگێر بۆ چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ڕۆژی دواتر واتە لەڕێکەوتی ( ١٩٩١/٧/١٨)دا شاری سلێمانی بەهەمان شێوە لەسەردەستی ڕابەڕان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی ئازاد کرا و لەهەموو دام و دەزگایەکانی حوکمەتی دیکتاتۆری (سەدام حسێن)دا پاک کرایەوە.

بەرز و بەڕێز بێت لەیاد و بیرەوەری پڕشکۆداری ڕاپەڕینی دووەمی ( ١٩٩١/٧/١٧،١٨) لەشاری هەولێر و سلێمانی دا.

بەرز و بەڕێز بێت لە هاوڕێیان و خۆپیشاندەرانی گیان بەختکردووی ڕێگای ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**نووسین و ئامادەکردنی:**

**کەریم کەریم**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف




## سیمۆلۆژیا لەڕێگەی وردەکارییە شاراوەکانی وشەوە

لێکۆلینەوەی/جەمال نوری

بەر لەهەموو شتێک، ڕەخنەگران دەڵێن شیعر لەبنەڕەتدا بریتییە لەپێکهاتەیەکی وێنەیی بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەمەسەلە هەستی و هزرییەکانەوە، وەک ڕەنگ وشێوە:

بەرفراوانترین وێنەی دیدەیی لەدەقی شیعریدا خۆی لەم جۆرەی پێکهاتەیەدا دەبینێتەوە. لەدەقەکانی (تاهیر ئاهەنگەریی) دا، لەلایەکەوە لەدوالیزمی بەهەشت و دۆزەخ دا شاعیر بۆ شوێنێکی دیکە دەگەڕێ، شوێنێک کە تیایدا دووربێ لە ترس و تۆقاندن، دووربێ لە موعیزەو تەکفیرکردن لەهەردوو دۆخەکەشدا جووڵەکان کارێکتەرێکی سەرەکی دەربڕینە هەستییەکانە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی ئەم جێگەیەوە هەیە. ئاهەنگەریی لەم دەقەدا دەخوازێ مرۆڤ بەکامڵی ژیانی بگات، لەڕێگای زمانی شیعرەوە دەیەوێ ئەمە تەوزیف بکات. واتە ئەگەر شعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن، زمانێکی شیعری دەخوڵقێنێت کە ئەفسوونی لێ دەتکێت و لە ناخەوە دەمانهەژێنیت. ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرێکەوە کە ناوی خاوەنەکەشی لەسەر نەبێت، شاعیرەکەمان ناسییەوە، ئەوا ئەو شاعیرە خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. شاعیری داهێنەر جۆرە پێوەندییەکی وا لە نێوان وشەکاندا دەهێنێتە ئاراوە کە مانای تازە ببەخشن.

گەر سیمۆلۆژیا، لەڕێگەی وردەکارییە شاراوەکانی وشە وکارنامەکانییەوە، گەڕان بێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی گوتارێک یان بەرفراوانی ئیستاتیکای دەق ئەوا پشکنین و توێکاریش بەمانای وردکرنەوەی ماناکان وەرگرتنی زانیاری ناڕاستەوخۆ و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان دێت. هەموو ئەمانە خۆیان لەهەڵوەشاندنەوە و دامەزراندن وگواستنەوەی یەکە بچووکەکانە بۆ گەورەکان وبەپێچەوانەشەوە. دواتر دۆزینەوەی سەرەداوی زانیارییەکان وچڕبوونەوەیان لەیەکە گەورە و بچووکەکان لەڕێگەی کردنەوەی کۆدی هێما و ئایکۆن وئیندێکسەکانەوە، بەئەنجام دەگەیەنرێت. لەگۆشەیەکی تریشەوە، سیمۆلۆژیا بریتیە لەتوێکاری دەق و دابەشبوونی بۆ چەندین بڕگە وبونیاد کەئەمانەش توانا داهێنانەکانی دەق نیشان دەدەن یان بەپێچەوانەوە دەستنیشانی فایرۆسی دەق دەکات کەتووشی بووە بەهۆی نەشارەزایی و نەفامی و نەخوێندەواری خاوەنەکانیانەوە. پرۆپ لەکتێبەکەیدا بەنێوی "مۆرفۆلۆژیای سەرگوزەشتە" دەڵێت "گەر بمانەوێت دەقێک شی بکەینەوە ئەوا هەر لەسەرەتاوە پێویستە دەستنیشانی ژمارەی ئەو یەکانە بکەین کەدەقەکەی لێ پێکهاتووە، دواتر بەشێوەیەکی سەربەخۆ باس لەهەر یەکێک لەو یەکانە بکەین وپەیوەندی وکاریگەرییەکانی نێوانیان بدۆزینەوە". دیارە ئەمەش لەپێناو بەدەرخستنی زانیارییەکان وداماڵینی تەمومژی دەقەکانە و دوورکەوتنەوەیە لەگریمانە بێ ماناکان کەزۆر جار دەقی پێ گەورە دەبێت بەبێ ئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو گەورەییەی تێدا بێت. بۆچوونەکەی پرۆپ لەوەوە سەرهەڵدەدات کە هەر یەکە وبڕگەیەک خاوەن دەسەڵات و تۆتۆنۆمی خۆیەتی و هەموشیان لەپێناو یەک مەبەستێتی و گوتاردا کار دەکات. وەک لێرەدا دەڵێ:

من هەم خەمەکانی تۆم دی
و
هەم فرمێسکەکانت..
نە لە دۆزخ ئەترسم
و
نە دڵم بە بەهەشت خۆشە
من
هەم خەمەکانی تۆم دی
و
هەم
فرمێسکەکانت

تاهیر ئاهەنگەری

:

# ئازار



هۆنراوەی: سەلام سەعید

ئازار

من ئازارم

هەناوی خەم ئاگرمەداو

لە نسێی هەمو زامێکدا میوانم

زۆرجار ئەبمە قەتماغەی سوێیەک

زۆر جاریش دەستە خوشکی مەرگ

من دەبمە بارمتە و هاوڕێ

لە کوچە تاریکەکانی شاردا

دەچمە ژێر پێخەفە شڕۆڵەکان

لەگەڵ برسێتی شەوی تولانی بەڕێ ئەکەین

کەس متمانەی بەمن نییە

بێ لەدەرگا دان ئەچمە هەموو ماڵێک

من هیچ شکۆیەک نا ناسم

هەموو سوێیەک هاوڕێی منە

سوێی سوتانی جودایی

سوێی لەدەست دانی نیشتمان

سوێی فرۆشتنی جەستە بۆ نان

سوێی مردن لە سەرەی موچە و

مشتێ ئاردی دەم ڕەشەبا و

پارویەکی نەجوراوی پێش سەرە مەرگ

من ئازارم بێشەرمانە دێم و ئەچم

لەگەڵ قامچی دەستی جەلادو

لەگەڵ قاقای سەرکردەیەک

بێ باک لە خەڵک و نیشتمان

ئەمن هاوڕێم

***************



# مەنسور حیکمەت: هێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی ئێمە لە عێراق لە هێرش نەکردنی ئێمە بۆ سەر یەکیتیەوە سەرچاوەی گرت...

## یاداشتێك بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

**هاوڕێیان!**

مەبەستی من لەم نووسینە دەستبردن بۆ مەسەلەکانی سازدانەوەی هەڵسوڕانی حزب لە ناوچەی ژێر دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نییە. هاوڕێ ڕێبوار و هاوڕێیانی تر لەم بابەتەوە نووسینیان هەیەو من سەرنجەکانم سەبارەت بەو نووسینانە لە کۆبوونەوەکەدا مەترەح دەکەم. لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان بۆ چەند خاڵ ڕاکێشم کە دەبێت سەربەخۆ لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە وەڵام وەربگرێتو بە بڕوای من سەرکەوتنی ئێمە لە داهاتوودا لە گرەوی چارەسەری ئەوانەدایە.

گوشاری ئەم دواییانەی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزب لە عیراقو دەرگیریو داخرانی نووسینگەکانی حزب لە سلێمانی، ئەسڵی مەسەلەی ئەمڕۆی ئێمە نییە. هەروەها گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ڕوودانی ئەو پێشهاتانەش ناتوانێت وەڵامی ئێمەو ئامانجی ئێمە بێت. بە بڕوای من بەو شێوازەوە کە ئێمە لە کوردستانی عیراقدا هەڵدەسوڕاینو بەو ئاراستەیەوە کە ئێمە گرتبوومانە بەر، درەنگ یان زوو دەبوو ئەو پەلامارەی یەکێتیو پاشەکشەی حزب ببینین. کۆمۆنیزم ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ڕۆتینی پەراوێزی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بیت، کە وەکو حزبە بۆرجوازیەکان هەمیشە "هەن"و لە پەراوێزی چەند دەرسەدیکی ئەم کۆمەڵگەیانە درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن. کۆمۆنیزم لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا یان دەبێت سەرکەوێت، یان شکستی پێدەهینن، یان دەبێت پێشڕەوی بکات، یان پاشەکشەی پێدەکەن. خاڵێکی هاوسەنگیو نۆرمێکی مانەوەی چەندین ساڵەو ئاسایی بۆ کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ لە وڵاتانێکی دواکەوتوو، کە سەرکوتگەرییو ڕژیمی سیاسی کۆنەپەرست تیایاندا دەسەڵاتدارە، بوونی نییە. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ڕادیکالیزمی کۆمۆنیستی دەتوانێت لە کۆمەڵگەی وەک عیراق یان کوردستانی عیراق تەلارێکی مێژوویيو یەکێک لە "جێگا سەرنجڕاکێشەکان" بێت کە ساڵەها خەڵک بچن ببیننو بێنەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەکرێت لە گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەی ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستییی، تەبلیغو هۆشیارکردنەوەی کۆمۆنیستی وەک هەر خزمەتگوزاریەکی ناوشار، وەک ئاوو کارەباو تەلەفۆن، ساڵەها بە شێوەی ڕۆتینی لە بەردەستی خەڵکدا بێت، بۆچوونێکی ناواقیعییە. کۆمۆنیزم نەک بە شیوەیەکی گشتی، بەڵکو بە تایبەت بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتانی وەکو ئێرانو عیراقو هاوشێوەیانەوە، بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو بە تواناو هێزی کردەی سیاسیەوە گرێی خواردووە. کۆمۆنیزمی بێ پەیوەند بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە، کۆمۆنیزمێک کە نەخوازێت مەسەلەی نفوزی کۆمەڵایەتی، باڵادەستی سیاسیو حاکمیەت لە ئەجێندای بە پەلەی خۆیدا دابنێت، مەحکوم بە شکستە.

هێرشی یەکێتی نیشتیمانی بۆ سەر حزبی ئێمە لە عیراق لە هێرشنەکردنی ئێمە بۆ سەر یەکیتیەوە سەرچاوەی گرتووە. مەبەستم هەرگیز هێرشی سەربازی نییە. مەبەستم هێرشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمە لە کوردستانی عیراقدا کە دەبوو لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوودا بکرایە. دەبوو هاسەنگی هێز بە قازانجی ئێمە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو پێکهاتی ڕابەرانی کۆمەڵگە بگۆڕایە. دەبوو پەیوەستەیی سیاسی خەڵک بە حزبو گروپەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهاتایە، دەبوو کریکارانو ژنانو خەڵکی بێبەش بە حزبەکەیان ئاشنا بوونایەو لە ڕیزەکانیدا یەکگرتوو بوونایە، دەبوو بابەتەکان لە کۆمەڵگەدا مۆری کۆمۆنیستەکانی لێبدرایە، دەبوو هاوسەنگی هێزی سەربازی ئاڵوگۆڕی بکردایەو سەرەنجام دەبوو ئەم ئۆردوە شۆڕشگێڕو ڕادیکالە بۆ دەسەڵات هەڵمەتی ببردایە، دەبوو هەموو دەسەڵاتی بخواستایەو بۆ گرتنی دەستی درێژ بکردایە.

دەبێ بەر لە هەر شتێک واقعیەتێکی بەرچاوی کوردستانی ئەم سالانەی دوایی بە ڕەسمی بناسرێت. واقعیەتێک کە بە بڕوای من زۆر ڕاچڵەکێنەرەو مایەی دەرس وەرگرتنە. بۆ ماوەی دەورەیەکی نزیک بە دە ساڵ ڕەوتی ئێمە لە کوردستان بۆی کراوە کە بە شێوەیەکی یاساییو ئاشکرا هەڵسوڕان بکات. بۆی کراوە کە بە شێوەی یاساییو ئاشکرا ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی هەبێت، ڕۆژنامە بڵاوبکاتەوە، نووسینگەی ئاشکرای هەبێت، هێزی سەربازی پێکبهێنێت. هیچ شتێک ڕێگری پەیوەندگرتنمان بە کرێکارانەوە نەبووە. هیچ کەس ڕێگری دروستکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک نەبووە. ئێمە مۆڵەتمان هەبووەو لە تواناماندا بووە کە ڕێکخراوەی جەماوەریو ئاشکرا پێکبهینین. میتینگی ئاشکرا دابنێین. هەلومەرجێکی لەم بابەتە بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان خەونێکە، بۆ نموونە بۆ خودی خۆمان لە ئێران. حزبی ئێمە لە ئێران، ئامادەبوونی کورتماوەی هێزەکانی لە مەریوان وەک ڕووداوێکی گەورە دەبینێتو ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت. لە سلێمانی ئێمە ٢٤ سەعات، شەوو ڕۆژ، بۆ ماوەی چەند ساڵ ئامادەبووین. "شوبات تا ئۆکتۆبەری"* ئێمە لە کوردستان ساڵەها درێژەی کێشا، بە کوێ گەیشتین؟

بە بڕوای من پێش ئەوەی پەلاماری یەکێتی نیشتیمانيو بەرتەسکبوونەوەی هەلومەرجەکەی ئەم دواییە پرسیارێک بخاتە بەردەم ئێمە، ئەم واقعیەتە دەبێت پرسیار بۆ ئێمە دروستبکات. بەرنامەی ئێمە بۆ پێشڕەویو سەرکەوتن چییە؟ ئەگەر ئەم پەلامارەی یەکێتی بتوانێت ئێمە بۆ ئەم پرسیارە بێدار بکاتەوە، ئەگەر بتوانێت ڕامانچڵەکێنێتو بیرمان بهێنێتەوە کە مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە یەکێتی نیشتیمانی چی لەگەڵ ئێمە دەکات، بەڵکو ئەوە بوو کە ئێمە لە بەرامبەر دەوڵەتی بەعسو نیمچە دەسەڵاتەکانی بۆرجوازی لۆکاڵیی دەمانەوێت چی بکەین، ئەگەر بتوانێت دووبارە مەسەلەی بنەڕەتی کۆمۆنیزم، واتە دەسەڵات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ ئێمە مەترەح بکاتەوە. ئەو دەم ئەم ڕووداوە دەتوانێت بە ڕاستی خاڵی وەرچەرخانێکی ژیانی ئێمە بێت.

### ئێمەو کۆمەڵگا

باسی حزبو کۆمەڵگە پێش هەر کەس بە بڕوای من پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە هەیە. وای بهێننە بەرچاو کە ئێمە توانیبێتمان بارەگاکانی خۆمان لە سلێمانی دووبارە بکەینەوەو سەعاتەکانمان چەند مانگ بۆ دوواوە بگێڕینەوە. پاشان چی؟ بەرنامەو نەخشەی ئێمە بۆ پێشڕەویو سەرکەوتن چییە؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ لە لایەن ڕابەرانی کۆمۆنیزمەوە لە عیراق وەڵامێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. کۆمۆنیزم وەک گروپی گوشار بەهایەکی بەکاربردنی سنووورداری هەیە. بەڵام کۆمۆنیزم بە ناونیشانی ئەلتەرناتیڤێک، وەک ئامرازی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا، ئەو شتەیە کە ئێمە تەمەنمان لە پێناویدا داناوە. پێش ئەوەی باسمان بێتە سەر حزبو بارەگاو نووسینگەو ڕادیۆ، پرسیارێک کە من لە ڕابەرێکی کۆمۆنیزمی عیراقم هەیە ئەوەیە کە بەرنامەو ستراتیجتان چییە؟ بوونو نەبوونی ئێوە بڕیار وایە چ شتێک بگۆڕێت؟ دیارە کە ئینسانە ڕادیکالو کۆمۆنیستەکان لە هەر جێگاوشوینێکەوە بێت بۆ بەرگری لە مافەکانی بێبەشان تەقەلا دەکەنو هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی کۆنەپەرستی بوەستنەوە، بەڵام ئەم سەنگەربەندیە ڕۆتینیە بەرگریکارانەیە لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت سەرچاوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمو پایەیەک بۆ هێنانە کایەی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی خاوەن ئیعتیبار بێت. کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە بلێن کە چ تەرحێکیان بۆ کۆمەڵگە هەیەو بە کام قۆناغانەداو بە کام هەنگاوانە بڕیارە پێی بگەن. حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق ئەم ئاسۆیەی نییە.

ئەم حەوت هەشت ساڵە گرنگترینو پڕ ئاڵوگۆڕترین دەورەی ژیانی سیاسی عیراق (لە ناو عیراقدا کوردستانیش) بووە. سیمای ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی بێ پێشینە گۆڕاوە. هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لە بناغەوە ئاڵوگۆڕی کردووە. ئەگەر هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕادیکال دەیەوێت لە چارەنووسی ئەم خەڵکەو ئەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی جیددی بگێڕێت، ئەمە هەلێک بوو کە بە شیوەیەکی مێژوویی فەراهەم بووبوو. لە ژیانی هەر نەوەیەکدا مەرج نییە هەلی وا تەنانەت یەک جاریش فەراهەم بێت. هیچ

کاتێک کۆنەپەرستی لەم وڵاتە بەم ئەندازەیە لاوازنەبووە، هیچ کاتێک خەڵک بەم ئەندازەیە ئامادەی شکاندنی تەوقی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ناسیۆنالیزمی کورد نەبووە. هیچ کاتێک هەلومەرج بۆ دەستپێکردنی فەسڵێکی تازە لە مێژووی سیاسی عیراقو کوردستان بەم جۆرەی ئێستا گونجاو نەبووە. ئەمە هەلێک بوو بۆ کۆمۆنیزم کە ببێتە هێزی یەکەمی ئەم کۆمەڵگەیە. حزبێک دەتوانێت بەمە بگات کە یەکەم، بیەوێت ئەم کارە بکاتو دووەم ڕەوەندە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکانو هەلومەرجی بابەتیی دەورووبەری خۆی بناسێت. ڕابەرانێکی دەوێت کە خۆیان نەک وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکەی خۆیان، بەڵکو خۆیان بە کەسایەتی مێژوویی بژمێرنو بەم تواناییەو بەم چاوەڕوانییەوە لە خۆ بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە. ڕابەری کۆمۆنیست ئەگەر ڕابەری خەڵک نەبێت، ڕابەر نییە. حزبی کۆمۆنیست ئەگەر دەست بۆ مەسەلەکانی کۆمەڵگە نەباتو وەڵام بە پرسیارە گرێییەکانی خەڵکو کۆمەڵگە نەداتەوە، حزبێکی سیاسی نییە. ئێمە تا ئێستاش لە عیراقدا بە وێنەی ڕابەرانی کۆمەڵایەتیو بە ناونیشانی حزبی سیاسی بوونی خۆمان ڕانەگەیاندووە. بە بڕوای من ئێمە تازە وا لە خاڵی دەستپێکردنداین. ئەوەی کە لە سلێمانی بارەگامان هەیە یان نا هیچ شتێک لەم بابەتەوە ناگۆڕێت. ئێمە لە بەغداش بارەگامان نییە بەرنامەمان بۆ ئەوێ چییە؟ بە بڕوای من دەبێت لانی کەم وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان لابێت:

١- ئایا کەسانێکمان هەن کە لە ئاستی عیراقو کوردستاندا ڕابەرانی دەرەجە یەکی خەڵک بنو لەم دەورانە خەتەرناکەدا خۆیان بە چارەنووسی خەڵکەوە گرێ بدەنەوە. کەسانێک کە فەلسەفەی ژیانی خۆیان بە ڕۆڵبینین لە چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانو لە مێژووی کۆمەڵگەیەکو وڵاتێکدا دانابێت؟ کەسانێک کە ئامادە بن پێداویستیەکانی بینینی ڕۆڵێکی لەم چەشنە فەراهەم بکەنو مەترسیەکانو گوشارەکانی قەبوڵ بکەن؟ کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە بێ بوونی ڕابەرانی سەرتاسەری، ناسراو و جەسور بە هیچ جێگایەک ناگات. ئەم ڕابەرانە دەبێ بەرگریکارانی یەک ئاسۆی هاوبەش بنو سەر بە یەک جووڵانەوەی فیکریو سیاسی بن. پێویستە بەرهەمی ڕەخنەکردنێکی دیاریکراو لە چوارچێوە فیکریو عەمەلیە کۆنەکان بن. دەبێ پێکەوە مەکتەبێکی فیکری-سیاسی نوێ لە ئاستی کۆمەڵگەی عیراقدا پێکبهێنن. دەبێ کۆمەڵگەی عیراق باس لەسەرهەڵدانو پەرەگرتنی جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی نوێ لە عیراقدا بکات کە هەژموونیو دەسەڵاتی مێژوویی ناسیۆنالیزمی بەسەر سیاسەتو بیرکردنەوە لە عیراقدا بردۆتە ژێر پرسیارەوە. مەکتەبێکو جووڵانەوەیەکی نوێو سەرنجڕاکێش بە ئاڵاهەڵگرانو ڕابەرانی خۆیەوە. هەر جووڵانەوەیەک بە ئەندازەی تواناو ئاسۆی ڕابەرانی دەچێتە پێشەوە، دەبێ ڕابەری لێهاتوو باشمان هەبێت.

٢- پێویستە ستراتیجێکی ڕوونمان هەبێت. ئەمڕۆ بە سبەینێ گەیاندنو خۆهێشتنەوەو گەشەی خەتیی بۆ یەکێتییە پیشەییەکان گونجاوە، ناتوانێت بنیاتنەری حیزبێکی شۆڕشگێڕانە بێت. پێویستە قۆناغەکانی گەشەو پێشڕەوی خۆمان تا سەرکەوتنی یەکجارەکی بناسێنین. قۆناغی خۆڕاگەیاندنو ناساندنی ناسنامەی خۆ بە خەڵک، جێگرتن لە مەیدانی ئەسڵی جیدالی سیاسیدا، قۆناغی جووتبوون لەگەڵ جووڵانەوە کرێکارییە ڕاستەوخۆکاندا، ڕێکخستنی نهێنیو بزاوتنی ئاشکرا، ڕێکخراوە جەماوەریە کرێکاریەکان، پەیوەندی بە جووڵانەوە جەماوەریەکانەوە، هێنانەدی هەژموونیەکی سیاسی لە جووڵانەوە نارەزایەتیە گشتیو سەراسەریەکاندا، گواستنەوە لە حزبێکی بچوکەوە بۆ حزبێکی جەماوەری. جەنگ لە قەڵەمڕەوی بیرو باوەڕەکانو پێکهێنانی دەزگای گەورەی ڕاگەیاندن، چەکدارییو حزبی چەکدار، ڕاپەڕینو جەنگی جەماوەریی. هەموو ئەمانە دەبێ بۆ ڕابەریی حزبی عیراق لە تەرحێکی هەمەلایەنەدا پێناسەکرابێتو ئاسۆیەکی واقیعی ڕابەریەکی سیاسی پێکبهێنێت. مەبەستم نووسینی بەڵگەنامەی وا نییە کە ئەمانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بنووسێت. مەبەستم ئەوەیە کە ڕابەرانی کۆمۆنیستی عیراق بزانن و بتوانن بە ڕوونی ئەوە بە ڕیزەکانی خۆیانو خەڵک بڵێن کە بڕیارە چۆن چۆنی لە وەزعی ئێستاوە بگەینە ئەو جێگاوشوێنە باڵادەستە. چ ڕێگریەک دەبێ لەسەر ڕێگا لاببرێتو چۆن؟ لە کوێوە دەبێ دەستپێبکەین؟

٣- دەبێ تێڕوانینێکی ڕوونمان بۆ هەلومەرجی بابەتی کۆمەڵگەو ڕەوتی موحتەمەلی بارودۆخەکە هەبێت. ئەو هەلومەرجە ئیمکاناتە بابەتیەکانو بەربەستەکانی بەردەم کارمان پێناسە دەکات. چارەنووسی بەعس چی لێ دێت؟ ئاڵوگۆڕی سیاسی داهاتوو لە بەغداد چی دەبێت، خەڵک چییان دەوێت؟ چ پۆتانسێلێک بۆ ڕێکخراوبوونو جووڵەی چینی کرێکار هەیە، چ جووڵانەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە عیراقدا دەتوانێت شکڵ بگرێت؟ بارودۆخی ئابووری چۆنە؟ کام گرایشو مەیل لە نێو خەڵکدا پەرەدەگرێت؟ لە کوردستان چی؟

٤- ئەو کێشە گرێیانەی کۆمەڵگە کە وەڵامیان دەوێت کامانەن؟ حزب بە وەڵامدانەوە بە کام مەسەلانە خۆی بە کۆمەڵگە دەناسێنێتو لە ناوەندی جیدالی کۆمەڵایەتیدا جێدەگرێت؟ چارەنووسی حکومەتی... بەعس، گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی ژن، مافە مەدەنیەکان، ئاشتی عەرەبو ئیسرائیل، ئەمانە نموونەی ئەو پرسیارە گرێیانەن. حزب دەبێ وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوە. نە لەسەر کاغەزو لە نامیلکەیەکدا، بەڵکو لە دیالۆگێکی بەردەوامو بێ پسانەوەدا لەگەڵ کۆمەڵگەو خەڵکی عیراقو ڕای گشتی نێودەوڵەتی.

٥- نەخشەی ڕێکخراوەیی حزب. پێویستە تەرحێک بۆ سازدانو بیناکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئۆرگانە نهێنیەکانو ئاشکراکانی حزبێکی سیاسی هەبێت. لە ڕۆژنامەکانو ڕادیۆکانەوە، تا کۆمیتە شاریەکان، ڕێکخستنی چەکداریو هی تر. هەر ساڵێک دەبێ لەم نەخشەیەدا چووبینە پێش. دەبێ ئەندێشەیەکی ڕێکخراوەیی ڕوونمان هەبێت کە حزبێکی لەم بابەتە لە وڵاتێکو دەورانێکی ئاوادا دەبێ تایبەتمەندیەکانی چی بن. پێویستە کادر دروست بکەین، پەیوەندی پێکبهێنین، ڕۆتین بەدی بهینین، ئیمکانات وەدەستخەین.

٦- ئامرازەکانی خۆدەرخستنی ئاشکراو سەرتاسەری حزب چین؟ میدیاو ڕۆژنامەو مینبەرەکانی حزب کامانەن؟ ئایا کۆمەڵگە دادەپۆشن؟


٧- دەبێ فۆکوسە دەورەییەکان کە وەک ئامرازێکی گواستنەوە حزب لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تری باڵاتر دەگوێزێتەوە پێناسە بکرێتو جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکارییو ڕێکخستنی حزب لەسەریان کۆبکرێتەوەو ئاراستە بکرێت. مەسەلەی ژن لە کوردستانی عیراق، مافە مەدەنیەکان لە سەرانسەری عیراق، مەسەلەی گەمارۆی ئابووری، مەسەلەی ریفراندۆمو یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان، نامەشروع بوونی دەسەڵاتی بەعسو حزبە کوردیەکانو پێویستی پێکهێنانی دامەزراوەی قانونی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. ئەمانە چەند نموونەی ئەو فۆکوسانەن.

٨- دەبێت بزانین لە هەر برگەیەکدا حزب لە چ قۆناغێک لە ڕەوتی پێکهاتنی خۆیدایە. تایبەتمەندیەکانی ململانێی حزب لەگەڵ دەوڵەتەکانو حزبە دەسەڵاتدارەکاندا پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە. کاتێک هاوڕێیان باس لە "هێرش بۆ سەر یەکێتی" دەکەن، دەبێ ڕوون بێت کە ئەمە چۆن هێرشێکە. بۆ حزبێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هێزو چەکدار دەکرێت ئەم هێرشە تەنانەت چەکدارانەش تێبگەین. بۆ حزبێکی چکۆلە کە هێزی چەکداری ئەوتۆی نییەو هێشتا لە قۆناغی خۆ مەترەحکردن وەک ئەلتەرناتیڤێکو پەیوەندی دروستکردنی لەگەڵ چینی کرێکارو جووڵانەوە نارەزایەتیەکاندایە، بە ناچاری "هێرش" مانایەکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەگەر حزب تەسویرێکی لە جێگاوشوێنی خۆی لە کۆمەڵگەداو لە ڕەوتی پێکهاتنو پەرەگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی وەک حزبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی نەبێت، ناتوانێت وەڵامی پێداویستیە پراکتیکیەکانی هەر قۆناغە بداتەوە.

باس لەم بابەتەوە زۆرەو من پاش کۆبوونەوەم لەگەڵ هاوڕێیاندا هەوڵ دەدەم نووسینێکی پوختەتر ئامادە بکەم. بە بڕوای من لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە. ئەوەی تا ئێستا کردوومانە ماتریاڵێ دووبارە بیناکردنەوەیەکی بناغەییترە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە لە ڕێکخستنەوە دەست پێ دەکەینو لە بارەگاو نووسینگەو ئەندامو ڕادیۆوە. لە حاڵێکدا دەبێت لە سیاسەتو ستراتیجو ئاسۆو کارو مەسەلەو ئەرکی کۆمەڵایەتی جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە عیراق دەست پێ بکەینو خەسڵەتو ئەرکەکانی ڕێکخراوی خۆمان لەوێوە دەربکێشین. ئەگەر ئەم ئاسۆو ستراتیژەو ژمارەیەک کەس کە بە قووڵی باوەڕیان پێیان هەیەو پێی لەسەر دادەگرن هەبن، ئەوکاتە دەکرێت جووڵانەوەو حزبێکی بەهێز دروست بکەین، ئەگەر نەبن ئەودەم هیچ جووڵەیەکی تەشکیلاتیو ئامادەکاریەکی عەمەلی ناتوانێت بەر بە سستبوونەوەی ڕەوتی ئێمە لە عیراقدا بگرێت.

**نادر" مەنسور حیکمەت، ٧ سپتامبری ٢٠٠٠**

*** ئاماژە بە ماوەی نێوان شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ و شۆڕشی ئۆکتۆبەرە لە هەمان ساڵدا، کە لەو ماوەیەدا حزبی بەلشەفی ئازادانەو ئاشکرا پاش ڕووخانی قەیسەر کاری سیاسی کردووە.**



# کامەران لەتیف: دەسەڵاتدارانی هەرێم خۆیان لە هەمووشتێك دزیوەتەوە لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی خۆیان.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ مامۆستا کامەران سەبارەت بە کێشەی موچە لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی بەغدا و هەولێردا...

**بۆپێشەوە: لەناو ململانێی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێمدا، پرسی بودجە و موچە هەمیشە ئامادەیی بووە، و کاریگەری زۆر سەختی لەسەر ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران و کۆمەڵگە داناوە، هۆکاری ئەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە، ئایا دەسەڵاتی فیدرالی بەرپرسیاری ئەو کیشەیەیە یان دەسەڵاتی هەرێم... هەروەها کێ بەرپرسە لە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان، بەغدا یان هەولێر.**

**کامەران لەتیف:** کێشەو ململانێی نێوان بەغدادو هەرێمساڵانێکە بەردەوامە بە تایبەتی لە دوای ڕیفراندۆم و شانزەی ئۆکتۆبەر، بە جۆرێک ململانێکان قوڵبوونەتەوە کە مەسەلەی مووچەو بوودجەو کێشەی ناوچە لە سەرەکان هەمیشە ئامادەییان هەبووە، بەردەوام کێشەی مووچە بۆتە میحوەری سەرەکی ململانێکانی نێوان بەغدادو هەرێم وە زۆرترین قورسایی و کاریگەری سەختی ژیان لە سەرفەرمانبەران ومامۆستایان بووە، کە کار گەیشتۆتە ئەوەی چەند مانگ مووچەیەک بدەن یان بە لێبڕین و پاشەکەوت وکەم وکورتییەوە بیدەن، سەبارەت بەوەی کە کامیان بەرپرسیارن، هەڵبەتە دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسیاری یەکەمە لە دابینکردنی ژیان وگوزەرانی فەرمانبەران ومووچەخۆران، چونکە فەرمانبەران بە فەرمی مووچەخۆری هەرێمین کار بۆ حکومەتی هەرێم دەکەن، کەواتە دەبێت هەرێم بەرپرسیارە لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران. بەڵام چ هەرێم و چ بەغدا هەمیشە یەکتریان تاوانبارکردووە بەوەی هەرێم دەڵێت بەغدا پارە نانێرێت، بەغداش دەڵێت هەرێم داهاتی ناوخۆناگێڕێتەوە و پابەندی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نابێت، بەڵام چونکە عێراق هەمیشە بە ئیتفاقیات لە نێوان ئەحزاب وکوتلەکان کراوە بۆ بەڕێوبردن هەرکاتێک لایەک بەهێزتربووبێت پێشێلی ڕێکەوتنەکانی کردووە ئیتفاقیاتەکانی پشتگوێ خستووە، لە هەمانکاتدا شەرت ومەرجەکانی خۆی سەپاندووە. لە ئێستادا حکومەتی هەرێم زۆر بەلاوازی لە نێو گفتووگۆکاندایە لەبەرئەوەی مەلەفی نەوتی بەفەرمی لە دەستا نەماوە...

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی بەغدا هۆکاری نەناردنی موچەو شایستە داراییەکانی هەرێم، دەخاتە سەرشانی دەسەڵاتی هەرێم و تۆمەتباری دەکات بە پابەند نەبوونی بە ڕیکەوتنەکان، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی هەرێم بەغدا بەبرسی کردنی خەڵکی کوردستان تۆمەتبار دەکات... لات وایە کێ تۆمەتباری کیشەی موچەیە... دەسەڵاتی بەغدا یان هەرێم؟**

**کامەران لەتیف:** دەسەڵاتی بەغدا هەمیشە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی تاوانبار کردووە بە جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، ئەمەش بەهانەیەک بووە بەدەست بەغداوە بۆ نەناردنی مووچە، هەرێمی کوردستانیش بەردەوام برسیکردنی فەرمانبەرانی کردۆتە بارمتە بۆ دیفاع کردن لە خۆی بۆ نەناردنی نیوەی داهاتی ناوخۆو دەستپێکردنەوەی نەوت بە بۆری و جێ بەجێ نەکردنی تەوتین، بە بۆچوونی من دەسەڵاتی هەرێم تاوانبارە، چونکە هێشتنەوەی ئەم وەزعە ویارییکردن بە کات کوشتن لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی هەرێمە، ڕۆژانە بە سەدان تەنکەر نەوت بە ڕۆژی ڕووناک ئاودیوی سنوورەکان دەکەن بەبێ ئەوەی داهاتەکەی دیاربێت و بەردەوام خۆی لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران دزیوەتەوە، بەداخەوە فشارەکانی بەغداش بۆ هەرێم تەنها لەسەر شانی مووچەخۆران وبرسی کردنی فەرمانبەرانە دەسەڵاتی هەرێم هیچ بەرپرسیارتییەکی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستانی لە ئەستۆ نەگرتووە، لێکەوتەی ئەم برسی کردنە زۆربە ڕوونی لە سەرخەڵکی کوردستان دیارە، هەرلە نەبوونی بازاڕوخزمەتگوزاریی وزۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کۆچی بە کۆمەڵی گەنجان وزۆربوونی توندوتیژییەکان وخۆکوشتن ودەیان دیاردەی تر... هەموو ئەمانە بارودۆخێکی نەخوازراوی بۆ خەڵکی کوردستان هێناوەتە ئاراوە لە ڕووی دەروونی وئیرادەوە تەواو تێکشکاون ...

**بۆپێشەوە: لە کاتێکدا دەسەڵاتی هەرێم داهاتی ناوخۆی نانەوتی و هاوکات ڕۆژانە خەریکی فرۆشتنی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمە بە قاچاغ، بۆچی ئامادەنییە لە داهاتی ناوخۆ موچەی فەرمانبەران بدات؟ بۆچی دەسەڵاتی هەرێم هەر چاوی لەدەستی بەغدایە؟**

**کامەران لەتیف:** هەروەک باسمکرد دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان یاری بە کات کوشتن ئەکەن لە پێناو ئەوەی ڕۆژانە بە سەدان تەنکەر نەوت ئاودیو بکەن کە داهاتەکەی دیار نییە، جگە لە داهاتی ناوخۆو باج وسەرانەسەندن وگرانکردنی کارەبا لە سەرهاوڵاتیان وکامێرای مروورو هەڕاج کردنی زەویی وزاری گرانبەها بۆ کۆمپانیاکانی خۆیان وبە دەیان جۆری تر پارە پەیدا دەکەن، لەولاشەوە ئامادەنین یەک مووچە بدەن بە فەرمانبەران لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتی مووچەی فەرمانبەرانیان خستۆتە ئەستۆی حکومەتی بەغدا و هیچ پابەندیەکی بە بڕیارەکانی دادگای فیدرڕاڵییەوە نییە، کە تاڕادەیەک لە بەرژەوەندی هاوڵاتیانی کوردستان بوو. بەم شێوەیە خەڵکی کوردستان لە نێوان بەرداشی هەردوولا بوونەتە قووربانی سەرەکی برسیکردن وەرنەگرتنی مووچەکانیان... دەسەڵاتدارانی هەرێم خۆیان لە هەمووشتێک دزیوەتەوە لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی خۆیان.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەهەر کیشەیەکدا کە دێتە پێشەوە. دەسەڵاتی بەغدا بە پاشگەزبوونەوە لە دەستور و فیدرالیزم تۆمەتبار دەکات، پرسیار ئەوەیە ئەم ململانێیە پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**کامەران لەتیف:** لە بنچینەدا فیدراڵیزمی قەومی ڕێگەچارە نییە بۆخەڵکی کوردستان، چونکە لە سەربنەمای قەومی وتایەفی دانراوە هەرکاتێک لە

**دەسەڵاتی هەرێم بەرپرسیاری یەکەمە لە دابینکردنی ژیان وگوزەرانی فەرمانبەران ومووچەخۆران، چونکە فەرمانبەران بە فەرمی مووچەخۆری هەرێمین کار بۆ حکومەتی هەرێم دەکەن، کەواتە هەرێم بەرپرسیارە لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران...**

**لە بنچینەدا فیدراڵیزمی قەومی ڕێگەچارە نییە بۆخەڵکی کوردستان، چونکە لە سەربنەمای قەومی وتایەفی دانراوە هەرکاتێك لە ململانێکاندا لایەك بەهێزتربوو هیچ حساب بۆ فیدراڵیزم و دەستوورو لایەنی بەرامبەر ناکات، بۆیە هەمیشە فیدراڵیزم وەك بۆمبێکی چێنراو ئامادەیە کە لە کێشەکاندا سەرهەڵبداتەوە، بەداخەوە کێشەکە پاشگەزبوونەوە نییە بەڵکو دەستوورو یاسایەك لە ئارادایە کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق بە گشتی نییە...**

## درێژەی: دیمانە لەگەڵ مامۆستا کامەران لەتیف...

ململانێکاندا لایەک بەهێزتربوو هیچ حساب بۆ فیدراڵیزم و دەستوورو لایەنی بەرامبەر ناکات، بۆیە هەمیشە فیدراڵیزم وەک بۆمبێکی چێنراو ئامادەیە کە لە کێشەکاندا سەرهەڵبداتەوە، بەداخەوە کێشەکە پاشگەزبوونەوە نییە بەڵکو دەستوورو یاسایەک لە ئارادایە کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و عێراق بە گشتی نییە. کێشەو ململانێکانی دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا هەمێشە بەوە یەکتر تاوانبار دەکەن کە پێشێلی دەستوور و یاسایان کردووە لە کاتێکدا هیچیان پابەندنابن وبەردەوام لە ژێرەوە ئیتفاقییەی نهێنی وکلک گرێدان بە دەوڵەتانی ناوچەکەوکاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەیە، بۆیە خەڵکی کوردستان وعێراقیش لە گێژاو ملْملانێیەکی سیاسیەوە ئالاون کە زۆر ئەستەمە خەباتی چینایەتی و ڕێگە ڕاستەکە بدۆزرێتەوە.

**بۆپێشەوە: بەکردەوە فەرمانبەرانی کوردستان بوونەتە قوربانی نیوان دەسەڵاتی بەغدا و هەولێر، لە دۆخێکی ئاوادا فەرمانبەران بۆ دەستراگەیشتن بە مافی زۆر سادەی خۆیان کە موچە وەرگرتنە لە کاتی خۆیدا، دەبێ چی بکەن کام ڕێگا بگرنە بەر؟**

**کامەران لەتیف:** بەداخەوە فەرمانبەران ومامۆستایان وموچەخۆران بە گشتی ساڵانێکە لە نێو ململانێی بەغداو هەرێم بوونەتە قوربانی کێشە سیاسییەکان، بەو هۆیەوە مووچەکانیان پێنادرێت، یاخود بە کەم وکورتییەوە وەریدەگرن. دەسەڵاتدارانی هەرێم دەیان مووچەی فەرمانبەران قەرزارن وپێیان نەداون، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆران کردووە، سەدان کێشەی جۆراوجۆر لە نێو کۆمەڵگە سەری هەڵداوە. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم هیچ باکیان بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان نییە، هەربۆیە خەڵکی کوردستان دەبێت بیر لە ژیان وئایندەی خۆی

**ڕاستە لە ڕابردوودا بەردەوام خۆپیشاندان و بایکۆت ومانگرتن، و نارەزایەتی هەبووە، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە نەبۆتە فشارێکی ڕاستەقینە کە دەسەڵات ناچار بکات وەڵام بە داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە، بۆیە پێویستە بیر لەڕێگەچارەیەکی تر بکرێتەوە ئەویش ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان و ڕێکخراوبوونی خەڵکە لە شوێنی ژیان وکاردا تا بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری بکەن...**

بکاتەوە، چونکە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران زۆر جیاوازە لەگەڵ هاوڵاتیانی کوردستان، ئەوان ژیانێکی شاهانەیان بۆخۆیان دروستکردووە کە تەواوی سەروەت وسامانی کۆمەڵگایان لە بەردەستدایە، مناڵێکیان خاوەنی بیرە نەوت و زانکۆ وکەناڵی تەلەفزیۆنی و باخ وڤێلای .....تایبەت بە خۆیەی هەیە...

بۆیە ناکرێت خەڵکی کوردستان ژیانێکی ڕەزالەت و دەردەسەری بژی ودەسەڵاتدارانیش لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدابن... دەبێت بیر لە ئایندەی خۆیان ومناڵەکانیان بکەنەوە، چیتر ئەم نەهامەتییە قبوڵ نەکەن، ڕاستە لە ڕابردوودا بەردەوام خۆپیشاندان و بایکۆت ومانگرتن، و نارەزایەتی هەبووە، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە نەبۆتە فشارێکی ڕاستەقینە کە دەسەڵات ناچار بکات وەڵام بە داخوازییەکانی خەڵک بداتەوە، بۆیە پێویستە بیر لەڕێگەچارەیەکی تر بکرێتەوە ئەویش ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان و ڕێکخراوبوونی خەڵکە لە شوێنی ژیان وکاردا بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری بکەن، لەپاڵ مووچەخۆراندا تەواوی کاسبکارانی ناوبازاڕ شان بەشانی فەرمانبەران خۆیان ڕێکخەن بەشداری نارازایەتییەکان بکەن، چونکە نەدانی مووچە بە فەرمانبەران هێرشی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سفرەی خاڵی ئەوانیش ..

پێویستە تەواوی تواناکان ڕێکبخرێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و داواکارییەکاندا، بەگشتی دەبێت خەڵکی کوردستان بەرەی خۆی لەم دەسەڵاتە ملهوڕە جیابکاتەوە. کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردستان نابێت چیتر گیرۆدەی سیاسەتی شکستخواردووی دەسەڵاتدارانی هەرێم بن. لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی شایستە بە خەڵکی کوردستان .

## درێژەی دوا وتە

نییە. هیرش بۆسەر هەر دەنگێکی نارەزایەتی، بۆسەر نەیارانی دەسەڵات لەناوخۆ و تەنانەت ریزەکانی ئاک پارتی، هیرشی بەردەوام بۆسەر چینی کرێکار و نارەزایەتییەکانیان، هیرش بۆسەر خەڵکی کورد زمان... سەرکوتی سیاسی و میلیتاریزەکردنی کوردستان... گۆشە بەگۆشە لە کارنامەی ئەو دەوڵەت ودەسەڵاتەن. جیا لەوانە پاوانخوازی ئاک پارتی ئەردوغان و چرکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەوانەش، دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری، دەسەڵاتی سەربازی و تەنانەت شۆرکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ ناو کایەی خوێندن و پەروەردە و زانکۆکان، تادەگاتە بە پاوانی بەزۆر و بەدەستەوەگرتنی هەموو ڕێگاکانی سەرکوت و بڕیار و یاسا و چ بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان خانەوادەی بۆرژوازی تورک و چ بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی لەگەڵ دەرەوەی تورکیا و لە ئاستی ناوچەکەدا. دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتی ئاک پارتی و ئەردۆغان هەموو جوڵانەوە سیاسیەکانی دژ بەدەسەڵاتەکەی و چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا تۆمەتبار بە "تیرۆر، پشتیوانی لە تیرۆر، گەندەڵی" دەکات... ئەوە لە کاتێکدایە هیچ جوڵانەوەو ڕەوتێکی تیرۆریستی نییە، دەوڵەتی تورکیا و ئەردوغان و ئاک پارتی لە پشتی نەبن یان هاوکاری نەکەن....وە خودی دەسەڵاتی ئاک پارتی وئەردۆغان، بوونەتە ڕەمزی وەستانەوە بەرووی ئازادی و مافە زۆر سادە دیموکراتیکەکان!!.

دەوڵەتی تورکیاو فاشیزمەکەی کەسەرچاوەی هەڵاواردنی نەتەوەیی و بێمافی و سەرکوتی سیاسی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازیەکی ناو تورکیایە، وە دەوڵەتێکە ئەگەر خۆی بەشیک لە تیرۆریزمی ناوچەیی نەبێت، لە پشتی هەموو هیزو گروپە تێۆریستەکانی ناوچەکە وەستاوە. دەستێوەردانی ملهورانەی سەربازی و تەنانەت هیرشی و بۆسەر سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای هیزە نیابەتیەکانییەوە کردووە. زیندانەکانی تورکیای سەرریژ کردووە لە نەیارانی سیاسی سەرۆک، و لە کەسایەتییە سیاسی و هەلسوراوانی چەپ و ئازادیخواز و هەموو ئەوانەشی بە پاساوی دژایەتی و وەستانەوە بەرووی "تیرۆر" ئەنجام داوەو دەدات. بەو هەموو ڕاستیانەوە هیشتا، تورکیا، دەستەواژەی "تورکیای بێ تیرۆر" ی بەدەستەوە گرتووە، تا لەلایەکەوە شانی خۆی لەو کارنامە نەنگین و سەرکوتگەری و تیرۆریزمە دەوڵەتییەی خاڵی بکاتەوە و لەلایەکی تریشەوە هەموو نەیارانی تیرۆریزمە دەوڵەتی و ملهوریەکەی، بە تیرۆریست و بناسێنێت و ئۆباڵی نائارامی ناو تورکیا بخاتە سەرشانیان و بە پاساوی "یاسا" وە... لە کونجی زیندانیان توند بکات. تەنانەت ئەندام و بەڕیوەبەری شارەوانیەکانیش، دوو بخاتەوە یان زیندنی بکات. وەستانەوە و دەنگ هەڵبڕین بەرامبەر بەو ملهوری و سیاسەتانە، لەلایەن خەت و دنیا بینی ئۆجەلان و ویست بۆ بنیاتنانی" ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی" کە بانگەشەی بۆ دەکەن لە چوارچیوەی "پرۆسەی ئاشتی"دا!!، مەسەلەیەکی بنەرەتییە. ئەگەر نەریتی چەکداری کۆتایی هاتووە، لە ڕێگای نەریتی سیاسی و مەدەنی و جەماوەرییەوە، دەبێ ئەم سەرکوت و ملهورییەی دەوڵەتی تورکیا، وەڵام پێ بداتەوە.

پەکەکەو خودی ئۆجەلان و دەیان کادر و کەسایەتی سیاسی تر، کە لە بنەرەتدا قوربانی دەستی سیاسەتی ملهورانەی دەوڵەتی تورکیان، لە جێگای ئەوەی لانی کەم مەرجی دەستهەڵگرتنی دەوڵەتی تورکیا، لە ناساندنی پەکەکەو نەیارانی بە تیرۆریست، بکەنە مەرجی گفتوگۆ و سازان، بیدەنگیان هەڵبژاردووە... ئەم بێدەنگی و نەبوونی کاردانەوەی ئۆجەلان و هیزو ڕەوتانەی سەر بەو هێڵەن، هیچ مانایەک لە دنیای سیاسەت و گفتۆگۆدا نادات بەدەستەوە جگە لەوەی کە هەموویان قبوڵیان کردووە، کە بەشێکن لە "تیرۆر و تیرۆریزمی" ناو تورکیا...!!. دەوڵەتی تورکیا، هیندەی ڕۆڵی چاودێر بەسەر هەنگاوەکانی "پەکەکەی تیرۆریست" دەبینێ و چاوەروانە هەموو مەرج و خواستەکانی بەسەر پەکەکەو هیزەکانی هاوخەتیدا بسەپێنێت، و لەو ڕێگایەشەوە سیاسەتی نکوڵی کردن و لە مافەکانی خەڵکی کوردستان درێژە پێبدات و سەرکوتی هەر دەنگێکی نارازی چەپ و ئازادیخوازی ناو تورکیا بکات، نیو ئەوەندە وەکو لایەنێک لە ململانێیەکی دریژ مەدواو میژوویی و بە کارنامەیەکی ئاشکراوە، خۆی ناخاتە روو.

دیارە لەو چوارچێوەیەدا کە کە لایەکەوە پەکەکەو هاوخەتەکانی پیداگری لەسەر" پرۆسەی ئاشتی" و لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا کە پیداگری لەسەر" تورکیای بێ تیرۆر" دەکەنەوە، و هەنگاوەکانی پەکەکە بەرەو ئاراستەی خاڵی کردنەوەی لە تیرۆریزم دەخەنە روو، ئەگەر سوککردنی سزاو تەنانەت ئازادکردنی ئۆجەلان و زیندانیانی سیاسیش بگرێتەوە، هیچ لە راستییە ناگۆرێت، کە دەوڵەتی تورکیا کیشەی سەرەکی و سەرچاوەی نائارامی ناو تورکیا و بوونی کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستانە. هاوکات ئەو ڕاستیەش دەخاتە روو کە ملدانی پەکەکە و کۆتاییهاتن بە بوونی و بەشداری سیاسی پێکردنی ئەم هێڵە و تواندنەوەی لەناو پرۆسیسی سیاسی تورکیادا، بە مانای چارەسەری پرسی کورد، نییە.

هەروەها "ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی" کە بۆتە مانیفێستۆی ئۆجەلان و پەکەکە، لە ڕێگای ئۆجەلان و لە ئاستی خۆجێی و کوردستان و محەلییەوە، بە جێگایەک ناگات و ئەوە پەیوەستە بە ماهیەتی دەسەڵاتی ناوەندییەوە. پرسیارە سادەکە ئەوەیە دەولەت و سیستەمێک ئامادە نەبێت دەستبەرداری دەستەواژەی" تورکیای بێ تیرۆر بێت..." کە رۆشنە مەبەستەکە تورکیای بێ پەکەکەیە، و پەکەکەش بەو هەموو ئامادەییە زیاد لە پێویست خەریکی هەنگاو هەڵگرتنی بەکردەوەیە، دەتوانێت" ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی" بنیات بنێت؟ ئایا ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی لەگەڵ ماهیەتی دەوڵەتی تورکیادا دێتەوە؟ دەوڵەتی تورکیا دەتوانێت بەشیک لە باڵی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، بەشداری پێ بکات و بیکاتە بەشێێک لە پاریزەری "سەرەوەری"! دەوڵەتی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی، بەڵام ئەوە نە بەمانای چارەسەری پرسی کوردو نە بەمانای دەستەبەربوونی" ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسییە".

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

**سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود**

**هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید**


**ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد**

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
کامەران لەتیف، نەژاد عوسمان، کامەران محەمەد ڕێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، کەریم کەریم، بەندی عەلی، مەنسور حیکمەت، جەمال نوری...

**بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:**
bopeshawa@gmail.com
**بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:**
abdulla.mahmud@gmail.com
**بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:**
www.bopeshawa.net

دۆسیەی ژمارە "موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە ململانێی نێوان بەغداو هەرێمدا"

## عێراقی" فره ئالاّ".... بەندی عەلی



له عێراقی (فره دالاّ)..
له خاکی مەرگی شیرین و ژینی تالاّ..
لەنێوانی ... فالّچیەکانی
ئەمسەرو ئەوسەری عەرشی
خەون و ساوێر و خەیالاّ..
لەمبەرو ئەوبەری کەمەر..
هێڵی سووری نێوان دوو مێژووی
پڕ کەسەر..

بەڵێ ... لێرە
لەبەختی ئەم خاوەنماڵە نەمەک
سوێرە!
لەنێو زومرەی کوێخاکانا..
لەسەر زەوی و لە ئاسمانا..
فریشەیەك بەدی ناکەی،
قەڵەمڕەو بێ
ئەوەی ئەمرۆ ... لێرەو لەوێ
سـەرقـاڵـی خەرمان و شـەنـە..
ئەهریمەنەو ئەهیریمەنەو
ئەهریمەنە!!

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام







دوا وتە

# لە نێوان "تورکیایی بێ تیرۆر" و "پرۆسەی ئاشتی" دا

عەبدوڵا مەحمود

دوای بانگەوازەکەی ئۆجەلان لە ٢٧ شوباتی ٢٠٢٥دا، لەسەر بنەما و پێداگری لەسەر (ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی)، پەکەکە بە شێوەیەکی خێرا، کۆنگرەی خۆی بەست و بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەک دانانی پەسەند کرد. لە بەرواری ١١ تەموزیشدا، لەمەراسیمێکی تایبەتدا، نمایشی و مەراسیمی چەکدادان و سوتاندنی چەکەکانی بە شێوەی ئاشکرا بەڕێوەبرد. دەستبردنی پەکەکە بۆ ئەو هەنگاوانە بەپێی گۆرانی ستراتیجیەتی ئەو هێزە لە خەباتی چەکداری و لە پێناوی دەوڵەتی نەتەوەیی!! بۆ گەیشتنی بە ئامانجی (ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی)...دا، روویان داوە. هەموو ئەو هەنگاوانەو ئاڵوگۆرە ریشەییە، لە سیاسەت و دونیا بینی ئۆجەلان و پەکەکەو هاو خەتەکانیان وەکو" پرۆسەی ئاشتی" وێنا دەکرێت. لە بەرامبەر بەو هەموو هەنگاوانەی پەکەکەدا، دەوڵەتی تورکیا جگە لە هەندیک ستایشی مەرجدار و گشتی، لە جێگای ئەوەی دان بنین بەوەدا کە ئەوە گفتوگۆ و "پرۆسەی ئاشتی" یە، کە دوو لایەنی هەیە، پێداگری لە "تورکیا بێ تیرۆر" دەکەن و ئەو هەنگاوانەی پەکەکەش لە راستای کۆتاییهێنان بە "تیرۆرو تیرۆریزم" لە تورکیادا وێنا دەکەن. ئەم روانین یان سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە "پەکەکە" وەکو هیزێکی "تیرۆریست"، لە یاسا دەرچوو، خەریکە خۆی رادەست دەکات و کۆتایی بەو تیرۆریزمە دەهێنێت کە زیاتر لە چوار دەهەیە، لە تورکیادا هەیەو هۆکارەکەی "پەکەکەیە".

دوای ئەوەی بەکردەوە پەکەکە لە ١١ تەموزدا، هەنگاوی چەک دانانی دەستپێکرد، رۆژی دوای ئەوە ١٢ تەموز ئەردۆغان لە کۆبونەوەی پارتەکەیدا رای گەیاند کە دوای ٤١ ساڵ بەڵای تیرۆرمان لە کۆڵ بۆوە... ئەم دەربڕینەی ئەردۆغان هەم رۆشن و هەم چاوەروان کراو بوو. رۆشن بوو بەوەی کە وەکو هەمیشە، هۆکاری نائارامی و جەنگی ٤١ساڵە خستە پاڵ پەکەکە وەکو هیزێکی "تیرۆریست" و شانی دەوڵەتی تورکیا و ئاک پارتی لە روداوەکانی ئەم چوار دەهەیەدا خاڵی کردەوە، هەمیش چاوەروان کراو بوو، چونکە وەکو سەرۆکی دەوڵەتی تورکیا و ئاک پارتی، نەک ئامادەیی بۆ چارەسەری پرسی کورد و پابەند بوون بە "کۆمەڵگەی ئاشتی دیموکراتی" و مافە سیاسیەکان نییە، بەڵکو تەنانەت ئامادەیی بۆ هیچ دەستپێشخەریەکی کەم و کورتی بەکردەوە لە هیچ ئاستێکدا نییە...

رژێمی تورکیا، وەکو رژێمێکی نەتەوەپەرستی ئیخوانی، کە ئەردۆغان و حزبەکەی رەمزی ئەم رژێمە تاسەر مۆخ دڕندەیەن. سەرکوتی سیاسی، تیرۆریزمی دەوڵەتی و گەندەڵی، بەرجەستەترین دیمەنی دەسەڵاتی ئاک پارتی و دەوڵەتی تورکیایە. سەرکوتی دەنگە نارازییەکان، ئازادیخوازن و سەندیکاو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رادیکالەکان، نەیارانی دەوڵەتی تورکیا، بزوتنەوە سیاسیەکان، لەکەس شاراوە

بۆ لاپەڕە 11